ئەی.ئارِ.گرین

# پیاوە پانتۆڵ سوورەکە





# پیاوە پانتۆڵ سوورەکە

ەی. ئار. گرین

بسم الله الرحمن الرحيم

ناوی کتێب: پیاوە پانتۆڵ سوورەکە!

نووسەر: ئەی ئاڕ گرین

وەرگێڕ: محمد فاتیح غریب

پێداچوونەوەی: بەفراو جەمال

نۆرەی چاپ: یەکەم - ٢٠١٥

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە

(١١١٧)ی ساڵی ٢٠١٥ ی پێ دراوە

بنکەی سەرەکی بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی ناوەندی ڕاگەیاندنی ئارا: سلێمانی / شەقامی پیرەمێرد

0770 358 7100 - 0750 106 9588 www.aramediacenter.com | info@aramediacenter.com

ناوەندی ڕاگەیاندنی ئارا

ARA Media Center

©سەرجەم مافەکانی ئەم بەرهەمە پارێزراوە بۆ ناوەندی ڕاگەیاندنی ئارا ناوەندەکە ڕێگە نادات بە لەچاپدانەوە و کۆپی کردن یاخود دابەزاندنی لە سایت و تۆڕە کۆمەلایەتییەکان، یاخود خستنە سەرشێوازی دەنگ بۆ میدیاکان بەهەر شێوازێك بێت. سەرپێچیکاریش تووشی سزای یاسایی دەبێت.



## بەشی یەکەم

# گەشتەکە دەستپێدەکات

زۆر دڵنیام ئەم بابەتـەت بـەدڵ نابێت. بگرە لەوانەیە تۆزقـاڵێکیش حـەزی پـێ نەکـەیت، چونکە باسـەکە باسـی زۆرێك لەو شتانەیە کە زۆربـەمان هـەوڵ دەدەیـن خۆمانیـان لێ لابدەین، وەکو مردن!

بەڵێ، مردن.

مردن و حەق و حساب و ئاگری دۆزەخ و بەهەشت (یان تۆ واتزانیوە ئەمانە هەمووی قسەی مەجلیسی پیرانـە؟!)" هەروەها پرسی (مانای ژیان) و بێگومان پرسیارە گرنگەکە:

(ئایا بەڕاست خوا هەیە؟، یان هەمووی خەیاڵە؟) ئەمانە و چەندینی تر لەو پرس و شتانەی ئەوپەڕی توانات دەخەیتە گەڕ بۆ ئەوەی خۆت لە بیرکردنەوە لێیان بەدوور بگریت.

ئەی باشە بەڕاست ئەم شتانە چ پەیوەندییەکیان لەگەڵ (پیاوە پانتۆڵ سوور)ەکەدا هەیە؟

دەمەوێت هاوسەفەرم بیت بۆ گەشتێك. گەشتێکی درێژ نییە، بەڵام تێیدا ڕێمان دەکەوێتە شتی زۆر سەرنجڕاکێش و لەوانەیە ترسناکیش. شتی وا کە تەنانەت ئەگەر مەعقولیش بن ناتەوێت باوەڕیان پێ بکەیت.

دەزانم هەندێکتان ئێستا دەیەوێت بزانێت مەسەلە چییە و، هەندێکیش پەرتووکەکە دادەنێت و تەنانەت تاقەتی نییە تا کۆتایی بابەتەکە لەگەڵمان بێت، هەندێکی تریشتان لە ڕقدا لووتی دەکات بە حەوادا، ئەمەش زۆر زۆر جێی داخە چونکە بەم لووتبەرزی و کەللەڕەقییەی گرنگترین شتی ژیانی لەکیس دەچێت.

هەندێکی دیکەشتان هەیە هەموو کتێبەکە دەخوێنێتەوە و لەوانەیە هاوڕاش بێت لەگەڵمان کەچی هەرگیز هیچ لەبارەیەوە ناکات، بێگومان ئەمەش جێی داخە و لەهەمان کاتدا کات کوشتنە و هیچی تر.

ڕاستە من پێم وتیت ئەم کتێبە شتی تێدا دەبێت کە حەزت لێی نابێت! بەڵام کەس نییە لە هیچ سووچێکی ئەم جیهانەدا ئەم باسانەی نێو کتێبەکەی بە خەیاڵدا نەهاتبێت.

هەروەها کەسانێکیش هەن ئەنجامە فیکرییەکانی نێو ئەم باسە بەتەواوی دەکەنە درووشم و پەیڕەوی ژیانیان.

لەگەڵ پەرتووکەکەدا کەمێك، یاخود زۆر ڕادەمێنیت پاشان شتێکی زۆر ناوازە لە ژیانتدا ئەنجام دەدەیت. ئەنجامی حەتمیی ڕامانەکەت قبوڵ دەکەیت و، هەناسەیەکی قووڵ دەدەیت و (با بە عەقڵیش بێت) بڕیاری پابەندییەك دەدەیت کە بەشێوەیەکی زۆر جوان و ناوازە گۆڕانکاریت بەسەردا دەهێنێت. جا ئەو ساتە گەر ترسناکیش دەربکەوێت، هێشتا هەموو شتێك لات زیاتر مەعقولتر دەبێت.

دەی، با قسەی زل بەس بێت و بچینە سەر ناوەڕۆکی بابەتەکەمان. با گەشتەکەمان دەست پێبکەین و، بە ئۆتۆمبێلی لێکدانەوەی عەقڵی و ژیرێتی بکەوینە ڕێ.

ئەگەر پیاوێك لە دەرگاکەتان بدات کە تەنها پانتۆڵێکی سووری پۆشیبێت و هیچی تر، بێت و بڵێت: "هاتووم

سـەیری سـەعاتی کارەباکـەتان بکـەم و، پارەکـەیتان بـۆ بنووسم"، چی دەکەیت؟

بەڵێ بەڕاستمە، چی دەکەیت؟ خۆی لەڕاستیدا گرنگ لەوەدایە چ ڕێوشوێن و شـێوازێکی بیرکردنـەوە دەگریتەبـەر بـۆ گەیشـتن بـە بڕیارێکی دروسـت لـەبارەی ئـەم پیـاوە و قسەکانییەوە. ئایا بێ بیرکردنەوە بڕوای پێدەکـەیت و ڕێـی دەدەیت بێتە ماڵەکەتەوە؟ تەنها "بڕوات دەبێت و بـەس؟" یان هەڵوێستەیەك دەکـەیت و بیر لەدۆخەکـە دەکەیتـەوە و هەندێك پرسیار دەکەیت و دۆخەکە هەڵ دەسەنگێنیت؟ زۆر دڵنیام کە ئەوەی دووەمیان دەکەیت.

تەنانەت ئەگەر پێشی بڵێیت: "کاکە بڕۆ عەرەبانەکـەت ڕابکێشە!" ئەوا بە گوێرەی لێکدانەوەی مـەنتیقی و ژیرانـە دۆخەکـەت هەڵسـەنگاندووە. دەی هـەمان شـێوەی ئـەم لێکدانەوە مەنتیقیانەیەی ئەم حاڵەتە بۆ زۆرێك لە شتەکانی دیکەی ژیان دەکەیت.

جا ئێستا پێش ئەوەی بـەردەوام بـین دەمـەوێت مـن و تۆ لەسەر شتێك ڕێك بکەوین. بەڕاستی ئەگەر لەمەدا لەگەڵم ڕێـك نەکـەویت، ئـەوا بـەردەوامبوونت لـە خوێندنـەوە هـیچ سوودێکی وای نابێت. کەواتە پێویسـتە ئێمـە لەسـەر ئـەوە

ڕێک بکەوین کە ئەم جیهانەی تێیدا دەژین شتێکی ڕاستەقینەیە و من و تۆ و هەموو شتەکانی چواردەورمان ڕاستەقینەن و بەرهەمێکی خەیاڵیی بە کۆمپیوتەر سازێنراو نین، یاخود بەشێك نین لە خەوێك یا ڕێکەوتێك.

من دەزانم ناتوانم دەستبەجێ ئەمەت بۆ بسەلمێنم، بەڵام دڵنیات دەکەمەوە گەر بڵێین: "دەشێت هەرچییەك لەچواردەورمان دەیبینین خەوێك یاخود وەهمێك بێت، کەواتە زانینی ئەمە سوودی بۆ ئێمە چییە؟" ئەوا هەرگیز سەرمان لە هیچ شتێك دەرناچێت و تێناگەین. تەنانەت ئەگەر ئەوەشمان قبوڵ کرد کە بەو جۆرە وەهمە، ئەوا لەبەر ئەوەی ئێمەی مرۆڤ بوونەوەرێکی ژیرین بێگومان بە لێکدانەوە دەمانەوێت لەو وەهمە تێبگەین، کەچی هێشتا لە ئەنجامدا ناتوانین خۆمان لە قبوڵکردنی ئەوە لابدەین ئەوەی دەیبینین بەجۆرێك لە جۆرەکان ڕاستییە.

جا ئێستا ئەگەر تۆ لەوەدا لەگەڵمدایت کە جیهان شتێکی ڕاستییە و ئەوەی دەیبینین و بۆنی دەکەین و دەیبیستین و دەیچێژین هەموو ڕاستین و؛ لە ڕێی هەستەوەرەکانمانەوە زانیاری بە مێشکمان دەگات، پاشان ژیرییمان بەکاردەهێنین بۆ ئەوەی لە چواردەورمان

تێبگەین. ئەگەر وایە، کەواتە با ئەم کردار و پرۆسەیە بکەینە هۆکارێك بۆ ئەوەی لە ژیان و جیهان و گەردوون و هەموو شتەکان تێبگەین.

هەندێك شت هەن کە دەکرێت پێیان بڵێین "جیهانی" چونکە ئەوەندەی بزانین هەموو کەس هاوڕان لەسەریان. لەڕاستیشدا ئەم بیرۆکانە هێندە بنچینەیین کە بەشێکن لە مرۆڤبوونی ئێمە و ئەگەر کەسێك هاوڕا نەبێت لەگەڵماندا ئەگەری زۆرە ئێمە بە شێت ناوی ببەین.

بۆ نموونە کە دەڵێین: "بەشێك لە شتێك لە هەموو شتەکە کەمترە" ئەمە قسەیەکی گەردوونییە و، هەموو مرۆڤەکان کۆکن لەسەری، هەر بۆیە پێی دەوترێت "ڕای گشتی" و، بەڕادەیەك ڕوونە کە پێویستیی بە شیکردنەوە نییە. تا ئێرە لەگەڵم هاوڕایت؟ زۆرباشە. ئەمە نموونەیەکی ترە: "هیچ شتێك لە نەبووەوە پەیدا نابێت". ئەی ئەم قسەیەیانت بەلاوە چۆنە: "ڕێکخراویی سیستم هەرلەخۆیەوە لە هەڕەمەکییەتییەوە پێك نایەت"؟

باشە لە سەرانسەری ئەزموون و مێژووی مرۆڤایەتیدا چی هەیە وامان لێبکات باوەڕ بەوە بکەین شتێك لە هیچەوە

پەیدا دەبێت یان ڕێکوپێکی دەرئەنجامی هەڕەمەکی بوونە؟

بەڵی، هیچ ئەزموونێکی وا بوونی نییە. لە ڕاستیدا ئەوەی ئێمە بەردەوام ئەزموونی دەکەین ئەوەیە لەهەر کوێدا ڕێکوپێکی و شێوازداری و سیستم هەبێت لەوێدا یەکێك هەیە ئەوەی سازاندووە. تا سیستمەکەش ئاڵۆزتر و ڕێکخراوتر و تا شێوازەکە کاراتر بێت ئەوا ئاستی زیرەکیی دەستی پشت ئەم کارە مەزنتر دەبێت.

لێرەدا دوو ڕاستی هەیە دەتوانین بەکاریان بهێنین بۆ ئەوەی سەر لە جیهان و گەردوون و ژیان دەربکەین. ئەزموونی جیهانی مرۆڤایەتی پێمان دەڵێت کاتێك دەبینین شتەکان بەپێی سیستم و یاسا و بەڕێکخراوی دەڕۆن بەڕێوە ئەوا دەبێت هێزێك پێکی هێنابێت. لەبەر ئەم هۆکارەیە کاتێك شوێنەوارناسێك پارچە دەفرێك لە ناوچەیەکدا دەدۆزێتەوە، دڵنیایە و بێگومانە لەوەی کەسانێك کە ئەم هەرگیز نەیبینیون ئەم پارچە دەفرەیان دروستکردووە.

دەشێت شوێنەوارناسەکە بتوانێت تەنها لەڕێی ئەم پارچە دەفرەوە زنجیرەیەك زانیاریمان لەبارەی خەڵکی دەورووزەمانی دروستکردنی دەفرەکەوە پێ بڵێت، وەکو

کەلتوور و ئاستی پێشکەوتووییان، چونکە دەزانێت ئەم دەفرە لە لایەن کەسێکەوە دروست کراوە و، بەرهەمی کۆمەڵێك جووڵەی هەڕەمەکیی زەوی و خۆر و ئاگری سروشتیی و خۆکردی دارستانەکان نییە کە بە شێوەیەك لە شێوەکان هەموو پێکەوە یەکییان گرتبێت بۆ بەرهەمهێنانی ئەم پارچە قوڕە سوورکراوەیە. بەڵێ، دەشێت ئەمە ڕێی تێ بچێت، بەڵام مەحاڵە وابێت.

لەڕاستیدا هەتا ئەو شوێنەوارناسە شتی زیاتری ئەم دەفرە ببینێت ئەم ئەگەرە کەم دەبێتەوە و زیاتر دڵنیا دەبێت کە دەفرەکە شتێکە لەسەر ویست و خواستی بەرنامەداڕێژراو دروست کراوە. (ئەمە ئەگەر ئەسڵەن لە سەرەتاوە گومانێکی لەوە هەبووبێت!).

با نموونەی شتێکی تر وەربگرین کە زۆربەمان هەمانە و بەردەوام بەکاری دەهێنین، کە (مۆبایل)ە. مۆبایلەکەت لە چەند پێکهاتەیەکی سەرەتایی دروستبووە وەك: پلاستیك و، شوشە و، سلیکۆن و هەندێك کانزای بەنرخ. پلاستیك لە نەوت دەردەهێنرێت و شوشە و سلیکۆنیش لە لم. کەواتە ئەوەی تۆ بەدەستتەوە گرتووتە بەرهەمی نەوت و لمە. جا ئێستا تۆ چی دەڵێیت ئەگەر من بێم و پێت بڵێم:

"کاتێک بـه بیابانێکدا پیاسـەم دەکرد کـه بـه نـەوتی زۆر بەناوبانگە، ڕێم کەوتە مۆبایلێک کە لەوێدا کـەوتبوو؟ دیـارە بەرهەمی ملیارەها سـاڵ لـە ڕووداوی هەڕەمـەکی بـووە، بۆ نموونـه بـا هـەڵیکرد و خـۆر درەوشـایەوە و بـاران بـاری و هـەورە بروسـکەش لـە لمـی بیابانەکـەی دا و نـەوت هاتـە سەرەوە و حوشتر بە پێ بەهێز و قورسەکانی پێی پێدا نا و پـاش ملیـۆن و ملیۆنـان سـاڵ مۆبایلەکـە خـۆی خـۆی دروستکرد. منیش زۆر بە ئاسایی هەڵمگرت و دەستم نـا بـه دوگمەکەیدا و وتم: ئەلو، دایه"؟

ئایا هیچ ڕێی تێ دەچێت ئەم مۆبایلـه بـه پرۆسـەیەکی سروشتی خۆی خۆی دروست کردبێت؟ هەرچـەندە ڕەنگـه ئەگەرێکی زۆر کـزی هـەبێت، بـەڵام زۆربـەمان بـێ ئـەملاولا ئەمە وەکو ڕوونکردنەوەیەکی عاقڵانە قبوڵ ناکەین.

ئەی باشە کەوایە، بـۆ تەنانـەت قایـل بـین بـەو بیرۆکـە نامەنتیقی و ناژیرانەیە سەبارەت بـه سـەرەتای بـەدیهێنانی گەردوونەکەمان و ئەو ژیانەی تێیدایەتی؟ خـۆ ئەگـەر ئێمـە (بیردۆزی پـەرەسەندن)یشمان وەکو پرۆسـەیەک پـێ قبـووڵ بێت، ئەوا باوەڕ کردن بە بیرۆکەی ئـەوەی ژیـان بەشـێوەی زنجیرەیـەک ڕووداوی هەڕەمـەکی پـەرەی سـەندووە وەکـو

ڕوونکردنەوەیەکی ئاقڵانە شتێکی قورسە.

تەنانەت سادەترین خانەی لەشی مرۆڤ لە مۆبایل ئاڵۆزترە! بەلایەنی کەمەوە بیردۆزی پەرەسەندن هەوڵ دەدات ئەو ئەگەرە مرۆییانە ڕوون بکاتەوە کە دەشێت شێوازی بەردەوامی و پەرەسەندنی ژیان پێی ڕوویدابێت، بەڵام بیرۆکەی ئەوەی گەردوون بەرهەمی هەندێك ڕووداوی هەڕەمەکییە هیچ ڕێی تێ ناچێت. لەڕاستیدا ئەو یاسا و سیستم و شێوازکارییانەی گەردوون و بوونی ئێمەی مرۆڤیان پێکهێناوە زۆر ئاڵۆزترن لەوانەی ژین و بوونی زیندەوەرانی تریان سازاندووە.

با زەوی و کۆمەڵەی خۆری خۆمان بە نموونە وەربگرین. زەوی لەماوەی (٢٤) کاتژمێردا یەك جار لەسەر خولگەکەی خۆی دەخولێتەوە. بیهێنە بەرچاوی خۆت ئەگەر زەوی زۆر بەخاوی بخولایەتەوە و، ماوەی ڕۆژێك یان شەوێك لەجیاتی (٢٤) کاتژمێر (٣٠) یان (٤٠) ساڵ بووایە، ئەوا لایەکی زەوی لەو ماوەیەدا ڕووناك دەبوو و دەکەوتە بەر تیشکی خۆر و لایەکی تریشی تاریك دەبوو. ئەو کاتەش زەوی لەیەك کاتدا لەڕادەبەدەر گەرم و لەڕادەبەدەر سارد دەبوو.

یاخود ئەگەر ئێمە تۆزقاڵێك (تۆزقاڵ بە حسابی گەردوون) دوورتر یان نزیکتر بووینایە لە خۆرەوە، ئەو کاتە زەوی یان زۆر گەرم یان زۆر سارد دەبوو، یان ئەگەر پێکهاتەی گازەکانی بەرگە هەوای زەوی ڕێك ئەو ڕێژە تەواوەی ئۆکسجین و دووەم ئۆکسیدی کاربۆن نەبووایە، یان ئەگەر چینی ئۆزۆن نەبوایە بۆ پاڵاوتنی تیشکە زیانبەخشەکانی خۆر. لەڕاستیدا زۆر قورسە بهێنیتە بەرچاوی خۆت ژیان بێ ئەم بارە نمونەییە چۆن دەبوو.

کاتێك لە بیردۆزی (تەقینەوە گەورەکە) ڕادەمێنیت کە باس لە سەرەتای هاتنەکایەی گەردوون دەکات، دەشێت بپرسیت: "باشە ئەمە لەکەیەوە (تەقینەوە) بووەتە هۆی دروستبوونی سیستەمی ورد و هاوسەنگ و شێوە ژیانی ئاڵۆز؟" ئەوەش پرسیارێکی بەجێیە. کەچی هەندێك کەس بەجدی ئەو بیرۆکەیەمان بۆ پێشنیار دەکەن، تا بەڕاستی بزانین! دەشێت کەسی واش هەبێت بڵێت ئەمە لێ تێگەیشتنێکی سادەی گەردوونە، بەڵام خۆ زانستیش پێشنیاری ئەوە دەکات ئەو یاسایانەی گەردوون بەڕێوە دەبەن هێندە بە وردی و بێ وێنە سازاو و گونجاون کە بێ بوونی نەدەکرا ژیان هەبوایە.

دەکرێت ئەمە لەو شتانەدا ببینرێت کە پێیان دەوترێت نەگۆڕەکانی سروشت و ژمارەشیان کەمە، بەڵام با ئێمە تەرکیز بکەینە سەر چوار لە ناسراوترین هێزەکان: (هێزی بەهێزی ناوکی) و (هێزی لاوازی ناوکی) و (هێزی ئەلکترۆموگناتیسی) و (هێزی کێشکردن).

(هێزی بەهێز و لاوازی ناوک)یش بەرپرسن لە دروستبوونی کاربۆن واتە ئەو ماددەیەی کە هەموو جۆرە باو و ناسراوەکانی ژیانی لەسەر بەندە.

ئەم هێزانە هەماهەنگی یەکتر دەبن لە سازاندنی سەمفۆنیایەکی ئاستی وزەدا کە دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانی کاربۆن لە دەرەنجامی لێکدانی سێ گەردیلە هیلیۆم، ئەمە ئەگەر لە بارودۆخی ئاساییدا پێکدادان لەنێوان سێ گەرد هیلیۆمدا ڕووبدات و کاربۆن دروست ببێت، چونکە وزەکان هاوتا نابن و پێش ئەوەی کاتی تەواویان هەبێت لێك بدەن و کاربۆن دروست بکەن سێ گەردیلە هیلیۆمەکە لەیەکتر دوور دەکەونەوە؛ بەڵام ئەگەر وزەکان بەپێی هەماهەنگییەکی سەیر هاوتا بن ئەوکات کارەکە زۆر خێراتر دەبێت.

کەمترین گۆڕانکاری لە هەریەکێك لە هێزی بەهێز و لاوازی ئەلکترۆموگناتیسیدا دەبێتە هۆی گۆڕان لە ئاستی

وزەدا و، لە دەرەنجامیشدا کەمبوونەوەیەکی زۆری کاربۆن و لە کۆتاییشدا گەردوونێك پێك دەهێنێت کە بۆ ژیان نەگونجێت.

هەروەها بیر لە بەهێزیی (هێزی کێشکردن) بکەوە! ملیارەها ساڵ لەمەوبەر و پاش تەقینەوە گەورەکە مادده لەناو گەردووندا بە هەرەمەکی دابەش بوو و، هیچ هەسارە و گەلەئەستێرە و ئەستێرەیەك بوونی نەبوو، ئەوەی هەبوو تەنها گەردیلە بوو کە لە تاریکایی بۆشاییدا شەپۆلی بڵاوبووبووەوە. پاشان کاتێك گەردوون دەستی بە فراوانبوون کرد هێزی کێشکردن بەهێواشی گەردەکانی ڕاکێشا تا کردنی بە تۆپەڵ تۆپەڵ و، ئەوانیش لەکۆتاییدا بوون بە ئەستێرە و گەلەئەستێرە.

ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە دەبوایە هێزی کێشکردن بە ڕێژەیەکی زۆر گونجاو بوایە، واتە ئەگەر کەمێك کزتر بووایە ئەوا گەردیلەکان پەرشوبڵاو دەبوونەوە و هەرگیز کۆنەدەبوونەوە تا ببن بە ئەستێرە و هەسارە و گەلەئەستێرە.

خۆ ئەگەر هێزی کێشکردن کەمێك توندتر بووایە ئەوا گەردیلەکان وا پێکەوە دەنووسان تا دەبوون بە تاکە یەك

پارچە و تەقینەوەی گەورە دەبوو بە (قرچەی گەورە).

بێگومان بۆ دروستبوونی ئەستێرەکانیش پێویست بوو هێزی ڕاکێشان زۆر گونجاو بێت. ئێ باشە "زۆر گونجاو" واتە چەندێك؟ ئەزانی چی.. بهێنە بەرچاوی خۆت کە کێشی تۆ بە ئەندازەی یەك بەش لە ملیۆنێك بەشی گرامێك قورستر یان سوکتر بوایە! کە دەڵێین زۆر گونجاو بێت مەبەستمان لەو ڕادە بچووکەی جیاوازییە کە دەبێتە هۆی ئەوەی گەردوون هێندە جیاواز بێت کە گەلەئەستێرە و ئەستێرە و هەسارە یان ژیان بوونیان نەبێت.

لەدەستدانی چەند کیلۆیەك لە کێشت ئاسان دێتە بەرچاو، وانییە؟ لەڕاستیدا سەیر لەوەدایە مرۆڤ بەو هەموو هۆشمەندی و ڕۆشنبیرەییەیەوە هێشتا ناتوانێت بەو ئاسانییە تۆزێك لە کێشی دابەزێنێت تا زیاتر بژی، بەڵام وا دیارە گەردوون بە ڕێکەوت خۆی ڕێکخستووە بۆ بارێکی نموونەیی ژیان!

ئەمە هەموو باسەکەش نییە، هێشتا مایەتی.. با بەوردی بڕوانینە ڕێژەی فراوانبوونی گەردوون لەپاش تەقینەوە گەورەکە. ئەگەر ڕێژەی فراوانبوونەکە زیاتر بوایە و گەردوون خێراتر فراوان بووبوایە ئەوا ماددەکانی نێو

گەردوون هێندە لێکدەپچڕان کە هێزی کێشکردن هەرگیز نەیدەتوانی کۆیان بکاتەوە و ئەستێرە و گەلەئەستێرە دروست ببێت. خۆ ئەگەر ڕێژەی فراوانبوونەکە خاوتر بووایە ئەوا هێزی کێشکردن لە فراوانبوونەکە بەهێزتر دەبوو و ماددەکەی کۆدەکردەوە تا دەبووە کونێکی ڕەش.

ئەگەر ڕێژەی فراوانبوون یەك چرکە دوای تەقینەوە گەورەکە یەك بەش لە سەد هەزار ملیۆن ملیۆن خاوتر بووایە ئەوا گەردوون دادەڕمایەوە پێش ئەوەی دروست ببێت و بگاتە ئەم قەبارەیەی ئێستای. لەڕاستیدا ڕێژەی فراوانبوونەکە ڕێك ئەوەندە تەواو و ڕاست بوو بۆ ئەوەی ئەستێرەکان لە گەردووندا دروست ببن.

نموونەیەکی تر بۆ ئەم سازانە بریتییە لە چڕیی گەردوون. بۆ ئەوەی گەردوون بەشێوازێك پەرەبسێنێت کە بۆ ژیان گونجاو بێت دەبێت چڕییەکی گشتیی ئێجگار ورد ڕابگرێت. دەبووایە وردیی چڕییەکە هێندە تەواو بێت کە گۆڕانیی یەك بەش لە کۆی (١٠١٥) بەش ببێتە هۆی داڕمان یاخود قرچەی گەورە واتە (٠,٠٠٠٠٠٠٠٠٠٠١٪)، کە یان ئەوەندە زوو ڕووی دەدا بۆ ژیان نەدەبوو یاخود هێندە خێرا دەبوو کە نەدەکرا هیچ ئەستێرە و گەلەئەستێرە و ژیانێك پێك بێت.

ئەو مۆبایلەی بیابانەکەت لەبیرە کە باسمان کرد؟

پێت وانییە بڵێین: "گەردوون و ژیان دەرەنجامی دیزانێکی هۆشمەندانەی ویستراوە" زۆر مەعقولتر بێت؟

بۆ جگە لەوە چ هەڵبژاردەیەکی ترت لەبەردەستدایە؟

ئایا بەڕاست دەکرێت لە هیچەوە هاتبێت؟ ئەگەر وایە بۆ ئەمە بەسەر هەموو شتێکی تری ژیاندا پەیڕەو نەکەین؟ کەواتە دەشێت پیاوە پانتۆڵ سوورەکەش هەر لەخۆوە دەرکەوتبێت و پەیدا بووبێت!

ئایا دەکرێت گەردوون خۆی خۆی دروست کردبێت؟ ناکرێت هەروا بێین و بڵێین ئەو کۆمەڵە ئەستێرە و گەلەئەستێرەیەی ئێمە ناومان ناون گەردوون توانای دیزاین و سیستم دانانیان هەیە، چونکە بەدڵنیاییەوە ئەوە کارێکە پێویستی بە ژیریی و ویست هەیە؟

باشە ئەگەر سەرەتاییترین و باڵاترین ئاستی ژیری و لێکدانەوەی عەقڵی؛ بوونی هۆشمەندی و دیزاینێکی ویستراویان یەکلایی کردووەتەوە، کەواتە دەکرێت لەڕێی بەکارهێنانی لێکدانەوەی عەقڵییەوە چ دەرئەنجامێکی دیکەمان دەست بکەوێت؟

جا، دەرئەنجامێك كە بەدڵنیاییەوە دەشێت مرۆڤی ژێر دەستی بکەوێت ئەوەیە کە: "سروشتی سەرچاوەکەی ئەم هۆشمەندیی و ئیرادەیە دەبێت جیاواز بێت لە سروشتی ئەو گەردوونەی دروستی کردووە".

ئەمە بۆ؟ لەبەرئەوەی ئەگەر هەمان شێوە بووایە، ئەوکاتە تەنها ژمارەیەکی زیاترمان لە هەمان شێوە دەبوو، واتە (دروستکراوی زیاتر). ئەوکات یەکێك هەر دەپرسێت: "ئەی کێ ئەوانەی دروست کردووە؟"، حەقیشیەتی ئەم پرسیارە بکات. لەوەڵامدا پێی دەوترێت: "بەدڵنیاییەوە هۆشمەندیی و ئیرادە"، پاشان هەمان پرسیار دەکات: "ئەی کێ ئەمەیانی دروست کردووە؟" ئەوکات هەر لەسەر ئەم پرسیارکردنە بەردەوام دەبێت و (بۆ تاهەتایە بەدوای هۆشمەندیی و ئیرادەی پشتی هۆشمەندیی و ئیرادەدا دەگەڕێت)، ئێمەش لە وەڵامدانەوەی بەردەوام دەبین و دەڵێین بەدیهێنەرێك کە بەدیهێنەرێکی بەدیهێناوە و ئەمیش بەدیهێنەرێکی تری بەدیهێناوە و ئیتر تا ناکۆتا! هۆکاری زۆر بەهێز هەیە بۆئەوەی کە: (نابێت شتەکان بەم شێوەیە بن و ئەمە ڕاستیی بەدیهێنان بێت)، ئەمەش بە نموونەیەکی زۆر جوان ڕوون دەبێتەوە.

بیهێنــەرە بەرچـاوی خـۆت سـەربازێك ئامـانجێكی بـۆ دەستنیشان كراوە و، پێش دەستبەكاربوونی لەڕێی ئامێری پەیوەندیكردنەكەیـەوە بـە لێپرسـراوانی ڕادەگەیـەنێت كـە چـاوەڕوانی وەرگـرتنی مۆڵـەتی پێكـانی ئامانجەكەیـەتی. لێپرسراوەكەشی دەڵێـت: "جـاریٚ ڕاوەسـتە، تـا مۆڵـەت لـە سـەروو خۆمـان وەردەگـرین"، جـا بەرپرسـی سـەرووتریش دەبێت مۆڵەت لە بەرپرسـی سـەرووتری خـۆی وەربگرێـت و ئیتر ئاوا بەمجۆرە..

باشە ئەگەر ئەم پرسیار پـاش پرسـیارە لـە بەرپرسـی سـەرووتر بـەردەوام بێـت، هـەرگیز سـەربازەكە دەتوانێـت ئامانجەكەی بپێكێت؟ بێگومان نەخێر.

دەبێـت بـەردەوام بێـت لـە چـاوەڕێكردن لـە كاتێكـدا كەسێكی سەرووتریش چاوەڕێیە بۆ فەرمانەكـە. بـەڵام خۆ دەبێـت شـوێنێك یـان بەرپرسـێك هـەبێت كـە وەك كەسـی یەكەم فەرمانەكە بدات و، شـوێنێك یـا بەرپرسـێكی لـەخۆی سەرووتری نەبێت.

بۆیـە نموونەكـەمان ئـەوە دەخاتـە ڕوو كـە هەڵەیـەكی عـەقڵانی لـەو بیرۆكـەی: (دەشـێت بەدیهێنـەرێك هـەبێت و بەدیهێنـەرێكی بـەدیهێنابێت و تـا ناكۆتـا...)یـەدا هەیـە و،

نابێت بەدیهێنەرمان هەبێت کە بەدیهێنەری بەدیهێنابێت و ئەمەش تاهەتایە وا بڕوات، چونکە ئەگەر وا بێت، هەروەکو چۆن سەربازەکە هەرگیز ئامانجەکەی خۆی ناپێکێت، ئەوا بەدیهێنراویش هەرگیز دروست نابێت؛ بەڵام لەم بارەدا خۆ بەدیهێنراوەکان لە ئارادان و لەبەرچاون، واتە بوونیان هەیە. بۆیە دەتوانین بیرۆکەی (بەرەودواچوونی ناکۆتای هۆکارەکان) وەکو گریمانەیەکی ناعەقڵانی هەژمار بکەین و ڕەتی بکەینەوە.

باشە ئەی بەدیلەکەی چییە؟

لەبری ئەمەش (یەکەمین هۆکار، یا هۆکارێکی بێ هۆکار) عەقڵانیترین بۆچوونە!

کەواتە دەتوانین بگەینە ئەو دەرەنجامەی کە سروشتی هۆشمەندیی و هێزە بە ئیرادەکەی پشت بوونی گەردوون و ژیان و هەموو شتێك دەبێت سروشتێکی جیاوازی هەبێت لە بەدیهێنراوەکەی، ئەوەتا دەشبینین چۆن هۆکاری بڕواپێهێن هەیە بۆ ئەمە.

بۆیە... ئەگەر بەدیهێنراوەکە نیازمەند بێت بە شت، ئەوا دەبێت بەدیهێنەرەکە بێنیاز بێت بە شت.

ئەگــەر بەدیهێنراوەکــە کــاتی بێــت، ئــەوا دەبێــت بەدیهێنەرەکە تاهەتایی بێت.

ئەگەر بەدیهێنراوەکە بەندی کات و شوێن بێت، ئەوا دەبێت بەدیهێنەرەکە ئازاد بێت لە کۆتی کات و شوێن.

ئەگــەر بەدیهێنراوەکــە بــاو و زۆر بێــت، ئــەوا دەبێــت بەدیهێنەرەکە تاك و بێهاوتا بێت.

بۆیە لەدوای ئەمــە عــەقڵ دەڵێــت: (دەبێــت تــەنها یــەك بوونی بێهاوتا و تاهەتایی و بێنیاز بە بەدیهێنراو هەبێت کە بەندی کات و شوێن نەبێت)، چونکە ئەگــەر زیــاتر لــە یــەك بــوونی وا هەبووایــە ئــەوا ئــەم خاســییەتانە ڕاســت دەرنەدەچوون. ئــاخر چــۆن دەکرێــت دوو یــان ســێ بــوونی تاهەتایی هەبێت، یان دوو بوونی وا کە بەندی کات و شــوێن نەبن؟

بۆیە ئەمەش وا دەکات باوەڕبوون بە یەك بەدیهێنــەری بێهاوتــا و تاهــەتایی و بێنیــاز بــە بــەدیهێنراو شــتێکی زۆد مەنتیقی بێت.

ئاســان و ڕەنگــە حــەتمیش بێــت کــە ژیریــی گشــتی و لێکدانەوەی عــەقڵی دەگــەن بــەو دەرەنجامــەی: (گــەردوون لەلایەن بوونێکی باڵاوە بەدیهێنراوە کە لە ناوەڕۆکدا لە هیچ

شتێك ناچێت كه‌ ئێمه‌ ده‌یزانین).

به‌دڵنیاییه‌وه‌ ئه‌مه‌ش تێگه‌یشتنی زیاتر له‌م به‌دیهێنه‌ره‌ له‌ڕێی لێكدانه‌وه‌ی عه‌قڵییه‌وه‌ قورستر ده‌كات، بۆیه‌ هه‌ندێك كه‌س ڕێك له‌م خاڵه‌دا ده‌وه‌ستن.

به‌ڵام گه‌شته‌كه‌ی ئێمه‌ لێره‌دا كۆتایی نایه‌ت، له‌ڕاستیدا له‌ زۆر ڕووه‌وه‌ تازه‌ ده‌ست پێ ده‌كات، چونكه‌ هێشتا پرسیاری زۆری وه‌ڵام نه‌دراوه‌ و، زۆر كێشه‌ی چاره‌سه‌رنه‌كراومان ماوه‌.





# بەشی دووەم

# پرسیارە وەڵام نەدراوەکان

- بۆچی ئازار لە جیهاندا هەیە؟
- ئەگەر بەدیهێنەرێك هەیە، بۆچی ئەو بەدیهێنەرە ڕێگە دەدات شتی خراپ ڕووبدات؟
- ئامانج لە ژیان چییە؟
- ئێمە بۆچی لە ژیانداین؟ و هۆکاری هەموو ئەمانە چییە؟ و ئێمە پاش مردن بەرەو کوێ دەچین؟
- ئایا لەدوای مردن ژیانێك هەیە؟
- ئایا ڕێیەك هەیە تا لێیەوە لە بارەی ئەم بەدیهێنەرەوە زیاتر بزانین؟

شتێكی زۆر سەرسوڕهێنەر و نامۆ نییە ئەگەر چاوەڕوانی ئەوە بین ئەو تاکەی ئەم گەردوونەی هێناوەتە بوون هەندێك ڕێنوێنی لەبارەی ئەم بابەتانەشەوە بدات، چونکە بەدیهێنەرەکە هەموو ئەو ئامرازانەی بۆ دابین کردووین کە پێداویستییەکانمانی پێ دێنە دی، لە هەردوو ڕووی جەستەیی و سۆزداری (عاتفی)یەوە. ئەوەتا کاتێك هەست بە برسێتی دەکەین و پێویستمان بە خۆراکە، دەبینین هەموو هۆکارەکانی دەستخستنی ئەو خۆراکە هەن؛ کە تینوومان دەبێت ئاو هەیە و، کە پێویستمان بە پۆشاك دەبێت ئامرازەکانی خۆپاراستن لە کاریگەرییەکانی ژینگە هەن و.. هتد.

هەروەها ئێمە پێویستمان بە هاودەمی و خۆشەویستی و پشتیوانی هەیە و باوان و خێزان و ژیانی نێو کۆمەڵگەش ئەو پێداویستییانەمان پڕدەکەنەوە. کەواتە دروست ئەوەیە ئەو تاکەی دەستەبەری هەموو ئەو پێداویستییانەی کردووە وەڵامیش بۆ پرسیار و بابەتی وا قووڵ و فشارهێن و گرنگ دەستەبەر بکات.

لەڕاستیدا لە هەندێك ڕووەوە ئەو پرسیارە قووڵانە لە پێویستییە جەستەیی و سۆزدارییەکانیش گرنگترن، چونکە

ئەو پرسیارانە هۆکاری بوونمان دیاری دەکەن.

بەڵگەکان ئەوە دەخەنەڕوو: گەر خەڵك لە ژیاندا چ وەك تاك و چ وەك کۆمەڵگە ئاڕاستە و مەبەستێکی ڕوون و یەکلاکەرەوەیان نەبێت، ئەوا زۆر بەقووڵی ناڕازی و سەر لێ شێواو و ناشاد دەبن. بۆیە پێویستیی زانینی ئەوەی ئێمە بۆچی لێرەین و، بەرەو کوێ دەچین هەروەکو خواردن و خواردنەوە و منداڵ و نەوەخستنەوە شتانێکی گرنگن بۆ ئێمە، بگرە لەوانەش گرنگترن!

دەشێت ئەم پرسیارانە ئەگەری وەڵامی زۆریان هەبێت و؛ بە تێڕوانین لە چەندەها بیرۆکەی جیاواز -کە لە بیری مرۆڤەوە سەریانهەڵداوە- وا دەردەکەوێت: (ڕەنگە لێکدانەوەی عەقڵی باشترین شت نەبێت بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە ئاڵۆزانە)، چونکە ئەوەی ئێمە دەمانەوێت هەر وەڵامێك نییە و بەس، بەڵکو وەڵامە ڕاستەکەیە. کێشەکە لێرەدا لەوەدایە کە لەڕاستیدا ئەمە بوارێکە لێکدانەوەی عەقڵی زۆر سەرکەوتوو نییە تێیدا.

بۆ نموونە، بیهێنە بەرچاوی خۆت کەسێك دەتبات بۆ لای باڵەخانەیەك کە بە تۆ نامۆیە و پێشتر نەتبینیوە. لای دەرگا داخراوەکەی دەرەوەی دەوەستێت و کەسەکە لێت

دەپرسێت: "لەپشت ئەو دەرگایەی باڵەخانەکەوە چی هەیە؟" تۆ لەڕێی لێکدانەوەی عەقڵییەوە دەکرێت چەندێك بزانیت؟ ڕەنگە بتوانیت پێشبینیی هەندێك شت بکەیت وەکو ئەگەری بوونی مێز و کورسی و گڵۆپ و.. بەڵام دەکرێت زۆریش هەڵە بیت. دەشێت باڵەخانەکە چۆڵ بێت، یان پڕ پڕ بێت یان... هەرشتێکی دیکە.

ئێستا چۆن دەتوانیت بزانیت؟ چۆن دەتوانیت بگەیتە دڵنیابوون لەبارەی ئەوەی چی لەپشت ئەو دەرگایەوەیە؟ بێگومان دەتوانیت بچیتە ژوورەوە و شتەکان بەچاوی خۆت ببینیت، بەڵام ئەی ئەگەر چوونەژوورەوە نەکرێت و لەئارادا نەبێت؟ کەواتە چۆن دەتوانیت بزانیت چی لە ژوورەوەدا هەیە؟

تەنیا چارە ئەوەیە کەسێك پێت بڵێت کە لە ژوورەوە بووبێت یان ئەو کەسەی کەسێکی تر دەناسێت کە لە ژوورەوە بووبێت. بەڵام لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە من چۆن دەکرێت متمانە بەو کەسە بکەم؟ یان چۆن دڵنیابم لەوەی ئەو کەسە ڕاست دەکات؟

ئەمە هەمان شتە بۆ پرسیارە گەورەکانی وەك: مەبەست لە ژیان چییە؟ بۆچی ئازار بوونی هەیە؟ ئایا

لەدوای مردن ژیان هەیە؟... چی لە پشت دەرگاکەوەیە؟ شاراوەیە و نەبینراو و نەزانراوە. لێکدانەوەی عەقڵی ناگات بە هیچ وەڵامێکی یەکلاییکار و هیچ هۆکارێکیش نییە تا باوەڕ بەوە بکەین بە دڵخەبەردان یان تەنها بە "هەستپێکردن" حاڵ باشتر بێت لە لێکدانەوەی عەقڵی.

تەنها کاتێك دەتوانین بگەینە پلەیەك لە دڵنیایی کە: کەسێك پێمان بڵێت و ئێمەش هۆکاری باشمان بەدەستەوە بێت بۆ باوەڕکردن بەو کەسە.

بەدڵنیاییەوە هێشتا پێویستمان بە لێکدانەوەی عەقڵی هەیە. مەسەلەکە تەنها ئەوەیە لێکدانەوەی عەقڵی لەم بوارەدا زۆر دادمان نادات وەکو سەرچاوەیەکی ڕاستەوخۆی زانیاری لەبارەی ئەم بابەتانەوە، ئەگینا هێشتا پێویستمان بە لێکدانەوەی عەقڵی هەیە بۆ ئەوەی بزانین متمانە بە کێ بکەین.

هاتینەوە لای پیاوە پانتۆڵ سوورەکە! باشە بۆ دەبێت باوەڕ بە قسەکانی بکەم، یان ڕەتی بکەمەوە؟

بەگشتی ئایینەکان بانگەشەیەکی تایبەت دەکەن کە: پەیامێکیان لە بەدیهێنەرەوە پێیە. زۆر کاتیش لایەنگرانی هەر ئایینێك پێداگری دەکەن کە بەحساب تەنیا ئاینەکەی

ئەمان ئەم پەیامەی پێیە و تەنها تایبەتە بەمانەوە. کەواتە دۆخەکە دەبێت بەوەی هەریەکەو دەڵێت: "من ڕاستم و هەموو ئەوانی دیکە هەڵەن" نەک هەر ئەوەی کە ئەم بانگەشەیە خۆی لەخۆیدا لەڕووی لێکدانەوەی عەقڵییەوە هەڵەیە.

باشە ئەگەر وایە و ئەم بەدیهێنەرە زانایە بڕیاری داوە پەیامێکمان بۆ بنێرێت، زۆر مەعقولتر نەدەبوو کە پەیامێکی هاوواتا بێت؟ کە دەشبینین ئایینە جیاوازەکان هەندێکیان بانگەشەی دژبەیەکیان هەیە، بە عەقڵ قەناعەت دەکەین کە ناکرێت هەموویان ڕاست بن! لێرەدا کارە سەختەکە و تەحەدداکە لەوەدایە کە ئەگەر ڕاستێکیان تێدایە، کامیانە؟ واتە وەك ئەوەیە: لەبری ئەوەی یەك کەس بانگەشەی ئەوە بکات بۆ سەیری سەعاتی کارەباکە هاتووە حەوت کەس هاتبن بۆ هەمان ئیش!

بێگومان خۆ هەموویان سەرلێشێواو نین، چونکە کە سەیری ئەو هەموو کەسە دەکەیت لەبەردەم دەرگاکەت کۆبونەتەوە بۆ ئەوەی سەیری سەعاتی کارەباکەتان بکەن، دەتوانیت بە بەکارهێنانی هەمان کرداری لێکدانەوەی عەقڵی ئەو کەسەیان بدۆزیتەوە کە بەڕاستی مافی ئەوەی

هەیە سەیری سەعاتی کارەباکەتان بکات. بۆ نموونە: دەشێت ئەو کەسە ناسنامەی فەرمانگەی کارەبای پێ بێت، یاخود بەدلەیەکی لەبەردا بێت ناوی ئەو فەرمانگەی کارەبایەی لەسەر نووسرا بێت کە تۆ پارەی لێ دەدەیت و، ڕەنگە ئامێرێکیشی پێ بێت بۆ ئەو کارە.. هەر بەم میکانیزمەش چەند نیشانەیەك هەن کە دەتوانین بەهۆیانەوە ئایینە ڕاستەکە لە ساختەکان جیابکەینەوە.

جا لەبەرئەوەی ئەمە لای مرۆڤ بابەتێکە پەیوەندیی بە هەست و سۆزییەوە هەیە، ڕەنگە شایانی ئەوە بێت تۆزێك کات ببەخشین بۆ بیرکردنەوە لەو ڕێگا نەگونجاوانەی دەشێت هەندێك کات بۆ تاقیکردنەوە و هەڵسەنگاندن بەکاریان بهێنین.

دەکرێت شتی وەکو ئەمانە لە نموونەی ئەو ڕێیانە بن:

"کامیان لە خۆم دەچێت و لەهەمان نەتەوەی خۆمە؟" ئایا ئەمە بەکاردەهێنیت بۆ بڕیاردان لەسەر ئەوەی کام لەوانەی بەردەرگاکە بێتە ماڵەکەتەوە بۆ سەیرکردنی سەعاتی کارەباکە؟ چونکە پیاوخراپ هەموو نەتەوە و ڕەنگێکی هەیە، هەروەها کارمەندی سەعاتی کارەباش

دەکرێت لە هەر نەتەوە و ڕەنگێکی وەک تۆ یا جیاواز لە تۆ بێت.

ئەی ئەمەیانت پێ چۆنە بۆ بڕیاردان کە بڵێیت: "بوەستە، با هەستی پێ بکەم و بزانم دەشێت کامیان خۆی بێت و باوەڕی پێدەکەم، هەر ئەوەندەم بەسە" بێگومان دەڵێیت: "نەخێر"! هەر خۆم زانیم دەڵێیت نەخێر.

ئەی ئەوەیانت پێ چۆنە کە بەڵێنێکی چەور دەدات و دەڵێت: "ئەگەر باوەڕ بە من بکەیت وەکو کارمەندی خوێندنەوەی سەعاتی کارەبا، دەتوانیت بۆ تاهەتایە کارەبا بە بەلاش بەکاربهێنیت!" چەورە ها، بەڵام ڕێی تێناچێت!

یان لەوانەیە ئەوەیان هەڵبژێریت کە تۆزێک لەو کابرایە دەچێت جاران دەهات لە دەرگای ماڵی باپیرەتی دەدا (هەرچەندە خۆ ماڵی باپیرت هەر کارەباشیان نەبوو... هممم!)

ئەی ئەوەی کە زۆر کەشخە دیارە و زۆرترین پارەی پێیە چۆنە؟

زانیم ئەمیشیان (نەخێر)ە!

لێرەدا مەبەستەکە ئەوەیە، کاتێک مەسەلەکە ئایین بێت ئەوا دەبێت هەندێک بیرۆکە بخرێنە لاوە. بۆ نموونە،

وەکو ئەوەی شوێن هەرچییەك بکەویت کە باووباپیرانت باوەڕیان پێبووە تەنها لەبەر ئەوەی ئاشنا دێتە بەرچاوت، یان لەبەرئەوەی هێندەت خۆش دەوێن کە ناتوانیت بهێنیتە بەرچاوی خۆت ئەوان بەهەڵەدا چووبن! من دڵنیام هەمووتان شتێکتان هەیە جیاواز لە باوانتان دەیکەن، ڕەنگە زۆر شتیش. ئەی باشە چۆن دەبێت لەو شتانەدا کە تۆ جیاواز لەوان دەیکەیت ئەوان بە هەڵەدا چووبن، بەڵام لەبارەی ئایینەوە نەخێر هەڵە نین و تۆش شوێنکەوتەی هەمان ئایینی ئەوان دەبیت؟! زۆر بە سادەیی بیڵێین: هیچ هۆکارێکی بەهێزی وا نییە تا وادابنێین کە هەرچییەك باپیرانت باوەڕیان پێبووە ڕاستی بووبێت، هیچ ناچێتە عەقڵیشەوە تەنها "باوەڕ" بە شتێك بکەیت و کوێرانە خۆتی تێ فڕێ بدەیت واتە بێ هیچ جۆرە بەڵگەیەکی مەعقول.

ئایا دەبێت ئەوە چ جۆرە لێکدانەوەیەك بێت وا لە کەسێك بکات بگاتە ئەو دەرەنجامەی پێی وا بێت دەبێت ئایینە ڕاستەقینەکە دەوڵەمەندی بکات! یان تەنها بە باوەڕکردن بە کەسێك یاخود شتێکی دیاریکراو ئەوا ژیانی تاهەتایی دەستەبەر بکرێت!

به دڵنیاییشەوە یەکێکی تر لە هۆکارە عاتفییەکان بۆ بیانووی هەڵبژاردنی ئایینێک ئەوەیە کە کەسێکی دی دەستی کردووە بە شوێنکەوتنی ئەو ئایینە، ئەوەش ژیانی ئەو کەسەی گۆڕیوە و خۆشحاڵە. خۆی لەڕاستیدا ئەمە تاڕادەیەك مەعقولە؛ چونکە هەندێك هۆکاری باش هەیە کە دەبێت ئایینی ڕاستەقینە ئاوا بێت، بەڵام کێشەکە لێرەدا ئەوەیە کە خەڵکانێکی زۆری دیکە هەمان بانگەشە دەکەن لەبارەی ئەزموونە ئایینییەکانیانەوە.

ئەوەتا وا دێتە بەرچاو ئێمەی مرۆڤ وا دروستکرا بین کە ئاییندار بین، چونکە ئەوە بەشێکە لە سروشتمان، تەنانەت ئەگەر شوێن یەکێك لە ئایینە باوەکان نەکەوین زۆر نابات خۆمان دانەیەك هەڵدەبەستین! بۆیە هەمیشە کەمێك لە ئایین دڵخۆشترمان دەکات لە نەبوونی. جا دووبارە، تەنها بانگەشەی ئەوەی (چونکە ئایینەکەت ژیانتی گۆڕیوە کەواتە ڕاستە) خۆی لەخۆیدا نابێتە پێوەرێکی دروست، چونکە ئەوکاتە دەبێت ئایینەکانی دیکەش ڕاست بن، چونکە ئەو ئایینانەش ژیانی خەڵکانیان گۆڕیوە.

لەڕاستیدا، تەنانەت کەسێکیش کە بڕیاری داوە هیچ بەدیهێنەرێك بوونی نییە دەشێت بانگەشەی ئەوە بکات کە

جاران شوێنکەوتەی ئایین بووە و ئێستا نەخێر، کەچی زۆر دڵخۆشتر و ئازادترە! دەی مادام بۆ یەك کەس وابێت ئەوا بۆ ئەوانی تریش دەبێت وابێت!

هەموو ئەمانەش تەنها بانگەشەن، واتە پێویستیان بە سەلماندنە. بۆیە ئەگەر ئایینێکی ڕاستەقینە بوونی هەبێت، بێگومان دەبێت ناسنامەیەکی پێ بێت.. واتە دەبێت هەندێك نیشانەی هەبێت کە بەهۆیەوە و لە ڕێگەیەوە ئێمە بتوانین بزانین سەرچاوەکەی لای بەدیهێنەرەکەوەیە.

کەواتە بە چ تاقیکردنەوەیەك دەتوانین تاقییان بکەینەوە؟



# بەشی سێیەم

# هەڵسەنگاندنی ناوەڕۆکی پەیامی ئایینەکە

یەکەم تاقیکردنەوەی هەڵسەنگاندنمان کە ڕەنگە باشترین و بڕواپێهێنترین بێت زۆر بەزوویی تەنها چەند بژاردەیەکمان بۆ دەهێڵێتەوە.

ئایا ئەو ئایینە لەبارەی بەدیهێنەرەکەوە چی دەڵێت؟ کام ئایین ئەوە فێردەکات کە یەك بەدیهێنەری بێهاوتا هەیە و سروشتی ئەو بەدیهێنەرە جیاوازە لە بەدیهێنراوەکانی؟ واتە ئایا: بەدیهێنەرەکە تاکە، هەتاهەتاییە، بێ نیازە، باڵایە؟

مـن لێرەدا نیـازی ڕەخنـەگرتن و گاڵتـەکردنم نییـە بـە ئایینەکان، چونکە هەموو ئایینەکان هەڵدەستن بە هاندان و فێرکردنـی زنجیرەیـەکی هاوبـەش لـە ڕەوشـت و بـەهاکان. هەموویان هەمەچەشنەیەك لە خاڵی بەهێز و لاوازییان هەیە. بەڵکو مەبەستەکە تـەنها ئەوەیـە کـە لـەژێر ڕۆشنایی ئـەم پێـوەرە سـادەیەدا -کـە پێـوەرێکی گـەردوونی و جێـی تێگەیشتنە- تاقییان بکەینەوە.

لـە ڕۆشـنایی ئەمـەدا تـەنها سـێ ڕکابـەرمان هەیـە، هەرچەندە ڕەنگە ئەم سیانە جێـی مشتومڕ بـن؛ ئـەوانیش: (یەهودییـــەت و، زەردەشـــتی و، ئیســـلام)ن. ڕەنگـــە مەسـیحییەکان بانگەشـەی ئـەوە بکـەن ئـەوانیش مافیانـە بخرێنە پاڵ ئەم کۆمەڵەوە، بەڵام بەلایـەنی کەمـەوە بـەپێی بیروباوەڕی باوی مەسیحیەت بێت ئەوا دەبێـت بخرێنـە پـاڵ هـەر ئـایینێکی تـر لەوانـەی سـازش و شـێواندنیان کـردووە بەرامبەر چەمکی بەدیهێنەری بێهاوتا.

بـۆ نموونـە، هندۆسـی بـە گشـتی چـەمکێکی (گشـتخوایی)یان سـەبارەت بـە بەدیهێنـەر هەیـە. واتـە بـە بڕوای ئەوان هەموو شتێك خوایە. گەردوون و زەوی و مانگ و مەریخ و درەخت و ئاژەڵ و تەنانەت خۆشمان!

چۆن دەتوانین بە عەقلّ لە بانگەشەیەکی وا تێبگەین و ڕاستاندنی بۆ بکەین؟ ئەگەر مەبەستمان لە "خوا" بەدیهێنەرەکە بێت ئەوا ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە بەدیهێنراو خۆی بەدیهێناوە و بەدیهێنراو بەدیهێنەرەکەیە. ئاخر ئەمە چۆن ڕێکخستنی گەردوونێکی کۆتاییدار شیدەکاتەوە؟ چ بەڵگەیەکی عەقڵانی هەیە بۆ پاڵپشتیکردنی بانگەشەیەکی لەم جۆرە؟ بەڕاستی ئەمە وەکو ئەوە وایە بڵێیت گەردوون خۆی خۆی بەدیهێناوە. بەڵام ئەگەر بوونی نەبێت چۆن خۆی بەدیهێناوە؟

هەروەها ئێمە توانای سازاندن و بەسیستمکردن نادەینە پاڵ گەردوون، چونکە ئەوە یەکێك نییە لە سیفەت و خەسڵەتەکانی. گەردوون لە هەسارە و ئەستێرە و گەلە ئەستێرەکان پێکهاتووە و ئەمانەش خۆیان بەدیهێنەرێکیان پێویستە.

جا کە بە تاك ڕێکخەرێکیان پێویستە کەواتە هەروا بە کۆمەڵیش پێویستیانە! کۆمەڵێك شت کە پێداویستییان هەبێت هەر لەخۆوە نابنە بێ پێویستی و بێ نیاز.

مەسیحییەت کێشەیەکی هاوشێوەی ئەمەی هەیە. بە دڵنیایەوە زۆرێك لە مەسیحییەکان هەمان بەڵگە بۆ بوونی

بەدیهێنەر دەخەنەڕوو کە تا ئێستا من خستومەتە ڕوو، بەڵام لەدوای ئەوە کە بەردەوام دەبن لە قسەکانیان دەڵێن عیسا خوا بوو؛ کە عیسا بوونەوەرێکی توانا سنووردار و کۆتاییدار و خاوەن پێویستییە.

لێرەدا کێشەکە ڕوونە و، گەر بە عەقڵانییەت لێی بڕوانین: چۆن دەبێت شتێك -جا هەرچییەك بێت- لەیەك کاتدا بریتی بێت لە دوو شتی تەواو جیاواز. چۆن دەکرێت لە هەمان کاتدا توانای سنووردار و بێ سنووریش بێت؟ چۆن دەکرێت شتێك بێ پێویستی و خاوەن پێداویستی بێت؟ هەتا هەتایی و کاتی بێت؟ زۆر و بێهاوتاش بێت؟ لە هەمان کاتدا یەك دانە و چەندەها بێت؟!

بۆ نموونە، ئەمە وەکو ئەوە وایە بڵێیت: بازنەیەك بوو بە چوارگۆشە بەڵام هێشتا هەر بازنە بوو.

مرۆڤ وا لەمە تێدەگات کە هێڵی بازنەیەك بهێنیت و بیکەیت بە چوارگۆشە، بەڵام بە دڵنیاییەوە ئیتر لە بازنەیی دەکەوێت. یان دەتوانرێت شێوەی بازنەیەك بخرێتە ناو چوارگۆشەیەکەوە یان چوارگۆشەیەك بخرێتە ناو بازنەیەکەوە، بەڵام ناکرێت لە هەمان کاتدا بازنەش و چوارگۆشەش بێت. ئەمە بە مەعنای کەلیمە و بەپێی

پێناسە بێت پێی دەوترێت (مەحاڵ) و، هەرگیز ناشتوانیت بەڵگەی عەقڵی بۆ مەحاڵ بهێنیتەوە. بۆیە ئەمە بانگەشەیەکە هەرگیز ناتوانرێت بسەلمێنرێت.

گەورەترین کێشە ئەوەیە کە ئەمە هەر لە سەرەتاوە دژیەکە لەگەڵ بەڵگەی عەقڵی بۆ بوونی بەدیهێنەرەکە، ئەگەر بکرێت یەك بوونەوەری دروستکراوی کۆتاییداری خاوەن پێویستی ببێت بە بەدیهێنەر، ئەی باشە بۆ یەکێکی تری وەکو ئەو بونەوەرەش نەبێت بە بەدیهێنەر، ئەی یەکێکی تریش بۆ نەبێت؟ بۆ نموونە، چۆن دەتوانیت بە عەقڵانییەت بەرگری لە بیروباوەڕێکی وا بکەیت و بڵێیت: (ئەمە گشتخوایی نییە)؟!

زۆرجار لە وەڵامی ئەمەدا دەوترێت "ئێ.. خوا دەتوانێت هەموو شتێك بکات" ئەم قسەیەش بانگەشەیەکە لەبارەی خواوە و وەکو هەموو بانگەشەکانی تر پێویستی بە سەلماندنە. هەروەها ڕستەیەکی پڕ لە کێشەیە. بۆ نموونە ڕەنگە مرۆڤ بپرسێت: "ئایا خوا دەتوانێت لە بوون بوەستێت؟" یان "ئایا خوا دەتوانێت شتێکی خراپە بکات؟".

دوو وەڵامی باو هەیە بۆ پرسیاری لەو شێوەیە؛ یان

ئەوەتا دەڵێن: "نەخێر ناتوانێت"، کە ئەمەش دژی ئەو قسەیەی مەسیحییەکانە کە پێشتر وتیان خوا دەتوانێت هەموو شتێك بکات. یان ئەوەتا دەڵێن: "بەڵێ ئەگەر بیەوێت دەتوانێت، بەڵام خوا هەرگیز هیچ شتێکی خراپ ناکات چونکە سروشتەکەی چاکە".

ئەی کەواتە کە ئەمە بۆ چاکیەتیی خوا دەبێت، ئەی بۆچی بۆ سیفەتەکانی دیکەشی وا نەبێت؟ ڕێك هەمان پێوەریش بەسەر تاکی و هەتاهەتایی و بێنیازی خوادا جێبەجێ دەبێت. هەروەکو چۆن لە سروشتی خوایەکی چاکدا نییە خراپە بکات هەر بەو شێوەیەش لە سروشتی بەدیهێنەرێکی تاهەتایی و بێنیازدا نییە ببێتە بەدیهێنراوێکی کاتی و خاوەن پێویستی. بۆیە هەرگیز ناتوانرێت ئەو بانگەشەیە بسەلمێنرێت کە دەڵێت: (بەدیهێنەرەکە بوو بە بەدیهێنراو، هێشتاش وەکو بەدیهێنەر ماوەتەوە)، چونکە بەپێی پێناسەی مەحاڵ ئەوە مەحاڵە.

ئەمە بەسەر هەر ئایینێکی دیکەشدا دەچەسپێت کە بانگەشەی لەو جۆرە بکات لەبارەی بەدیهێنەرەوە. ئەمەش زۆرینەی ئەوەی هندۆس و بتپەرستەکان باوەڕیان پێیەتی

هەڵدەوەشێنێتەوە، کە بانگەشەی هاوشێوە لەبارەی بەدیهێنەرەوە دەکەن و، دەڵێن گوایە بەدیهێنەرەکە وەکو هەندێك بونەوەری بەدیهێنراو بەرجەستە بووە.

ڕەنگە هەندێك لە مەسیحییەکان بانگەشەی ئەوە بکەن کە عیسا بە خوا نازانن، بەڵکو بە کوڕی خوای دەزانن. کێشەکە لێرەدا لەوەدایە ئایا مەبەست لە "کوڕی خوا" چییە؟ کوڕی مرۆڤ وەکو دایك و باوکی خۆی مرۆڤە، ئەی کوڕی خواش نابێت خوا بێت؟! کەواتە چووینەوە سەر خاڵی سفر و دەستپێك و هەمان کێشەی پێشوومان هەیە.

هەروەها، کوڕ بەرهەمی جووتبوونی ژن و مێردە، جا ئایا خوا کرداری لەم شێوەیەی ئەنجامداوە؟ زۆر ڕوونە ئەمە دژی هەر شتێکە کە تا ئێستا لەبارەی خواوە دەیزانین، ئەی نەمان وت ئەو لە دروستکراوەکان ناچێت! ئەی باشە لەوانەیە خوا بە جۆرێك لە جۆرەکان عیسای کردبێت بە کوڕی خۆی یەعنی گرتبێتییەخۆی (التبني)؟ ئەمەش هیچ مانایەکی تێدا نییە، چونکە تەنها دەتوانیت یەکێك بکەیتە کوڕی خۆت کە لە بووندا لە خۆت بچێت.

بۆ نموونە، ئەگەر تۆ پشیلەیەکت هەبێت و ناوی (گورپە) بێت و بڵێیت: "ئەمە کوڕمە" ئەوا کەس هەر

حسابیشی بۆ ناکات، ڕەنگە تۆ بەقەد کوڕێکت خۆشتبوێت و، دەشـێت نانیشـی لەگـەڵ بخۆیـت و، لـە ماڵەکەشـتدا ژوورێکی هەبێت، تەنانەت لەوانەیـە بـە فـەرمییش مامەڵـە و کاروباری گرتنەخۆ (التبني) بۆ بکەیت، بەڵام ئـەم پشیلەیە هـەر پشیلەیە و تـۆش مرۆڤیـت. ئـەو دوو جۆرەش لەیـەك ناچن.

ئێمـەش دەزانـین بەدیهێنەرەکـە لـە هـیچ شـتێکی گـەردوون ناچـێت. لەڕاسـتیدا ئێمـە ئەوەنـدەی لـە پشیلە دەچین لە خوا ناچین. ئێمـە بوونـەوەری توانـا سنووردار و کۆتاییدار و خاوەن پێویستین، پشیلەش بەهـەمان شێوە؛ لە کاتێکدا (بەدیهێنەر تاهەتایی و بێنیازە).

لەڕاستیدا دەبێت بەدیهێنەر زۆر بەدوور بێت لەوەی کە کوڕی هەبێت چ بەڕاسـتی یـان هـەر بـەڕەمزی بێـت، مەگـەر تەنها بە وادانان (مجازیاً) بێت، وەکو چۆن دایـك و باوکمـان ڕێنوماییمان دەکـەن و بـەخێومان دەکـەن و گرنگیمـان پـێ دەدەن، بەدیهێنەرەکەش بـەم شـێوەیە. بـەڵام لـەم بـارەدا دەبێـت ئـەم دەسـتەواژەیە بەسـەر هـەموو بوونەوەرانـدا جێبەجی ببێت نەك تەنها بەسەر مرۆڤدا، چ جای ئەوەی بـە تەنها یەك مرۆڤ بوترێت کوڕی خوا.

ئەوەی سەبارەت بە (بودییەت)یش بێت ئەوەیە کە تێیدا بەدیهێنەر ئاوڕێکی لێ نەدراوەتەوە و باسی نییە. ئەمەش وا دەکات (بودییەت) زیاتر فەلسەفەیەك بێت وەك لەوەی ئایین بێت، کە چەندین کێشەش دەهێنێتە پێش؛ لەوانە: ڕوونکردنەوەی مەبەستی ژیان و هۆکاری بوونی ئازار و نەزانراوە گەورەکەی قۆناغی دوای ژیان؛ هەمووی بیرۆکەی پیاوێکن نەك بەدیهێنەر. ئەوەی ئێمە بەڕاستی دەمانەوێت بریتییە لە شتێکی یەکلاکەرەوە کە بە دڵنیاییەوە دەبێت تەنها لەو زاتەوە بێت کە زانایە بە نەزانراو (غەیب)، ئەویش بەدیهێنەرەکەی غەیبە. هەر شتێکی بەدەر لەمەش تەنیا خەملاندن و گریمانەیە و بەس.

هەندێك ئایینی دیکە هەن کە ڕەنگە باس بکرێن، وەك (سیخی) کە هاوشێوەی (بودییەت)ە و، بانگەشەی ئەوە ناکات ئایینێکی ئاسمانی بێت، هەر هیچ نەبێت بەڕاستەوخۆیی نایڵێت. دامەزرێنەری سیخی کە (گورو ناناك)ە، کە ئەوەی بە باشی زانیوە لە هندۆسی و ئیسلام تێکەڵی کردوون بۆ دروستکردنی ڕێگا و شێوازێکی تایبەت بەخۆی.

ڕەنگە لەبەردەم ئەم هەموو بژاردەیەدا زۆرێك لە ئێمە

مەیلی لێبێت ئەم کارە بکات، بەڵام لێرەدا کێشەیەکی عەقڵانی سادە هەیە. ئەگەر ئێمە ڕازیبین بەوەی کە وەحی و پەیامێك لە بەدیهێنەرەکەوە هەیە کەواتە چۆن دەتوانین بە عەقڵانی ئەوە هەڵبژێرین کە واز لە ڕێنوێنیی بەدیهێنەرەکە بهێنین و شوێن شتێکی تر بکەوین یان هەستین لەگەڵ شتێکی تردا تێکەڵی بکەین؟ مەگەر لە کاتێکدا ئەمە بکەین کە بتوانین بیسەلمێنین بەدیهێنەرەکە خۆی دەیەوێت ئێمە ئەم کارە بکەین؟ واتە ئەم تێکەڵکردنە بکەین. ڕەنگە خەڵك هەبێت ئەو کارە بە ئاسایی بزانێت لە بیرۆکە هندۆسییەکاندا، بەڵام بۆ نموونە ئەوە لە تێڕوانینی ئیسلام و یەهودییەتدا کارێکی زۆر قورسە.

ئێمە تا ئێستا یەك تاقیکردنەوەمان بەکارهێناوە بۆ زانینی دروستیی بانگەشەی ئایینەکان کە گوایە لای بەدیهێنەرەکەوەن، ئەویش: (ئایا ئەو ئایینە یەکدەگرێتەوە لەگەڵ ئەو بنچینە عەقڵانییەی لەڕێگەیەوە دەتوانین تێبگەین لەوەی بەدیهێنەرێکی تاك و بێهاوتا و تاهەتایی و بێنیاز هەیە و جیاواز و جودایە لە دروستکراوەکان؟)

ئایا هیچ پێوەرێکی دیکە هەیە کە دەکرێت لیستی پاڵێوراوەکانمانی پێ بچووك بکەینەوە؟



# بەشی چوارەم

# تاقیکردنەوەی (گەردوونیەتی)ی پەیامەکە

ڕەنگە کەمێك هەڵسەنگاندن و تاقیکردنەوەی تر هەبن ئەنجامیان بدەین بۆ ئەوەی بزانین ناسنامەکە ئەسڵییە یان ساختەیە. یەکێك لەوانەش کە جۆرێك لە مەعقولییەتی تێدایە بریتییە لە (بیرۆکەی گەردوونیەتی)ی.

ئەمەش واتە دەبێت ئەو پەیامەی لە بەدیهێنەرەکەوەیە بۆ هەمووان بێت.

بەگشتی گەر مرۆڤ توانای بیرکردنەوەی ژیرانەی هەبێت بۆ تێگەیشتن لە هۆکارەکانی بوونی بەدیهێنەر و، پرسیاری قووڵ و بەپێزیش بکات لەبارەی ژیان و مردن و گەردوون و هەموو شتێکەوە؛ ئەوا دێتە بەرچاو کە شتێکی نامەعقول بێت کە بەدیهێنەرەکە تەنها ڕێنوێنی کۆمەڵێك مرۆڤی دیاریکراو بکات و هەموو ئەوانەی تریش وازلێبهێنێت.

بەدڵنیاییەوە ڕەنگە بەدیهێنەرەکە هۆکاری باشی هەبێت کە ئەو کۆمەڵە دەستنیشانکراوە هەڵبژێرێت بۆ ئەوەی هەڵگر و شوێنکەوتەی ئەم ڕێنماییە ژیرانەیە بن، هەروەکو چۆن ڕەنگە هۆکاری باش هەبێت بۆئەوەی پەیامەکە بدرێت بە یەك کەسی تایبەت لەبری قسەکردن لەگەڵ هەمووان‌دا یەك بە یەك. بەڵام گەر وا بێت، ئەوا ئەمە ئەم پرسیارە بەدوای خۆیدا ڕادەکێشێت: "ئەگەر ئێمە یەکێك نەبین لەو کۆمەڵە دەستنیشانکراوە، ئەی کەواتە ئەبێت چی بکەین؟ چیمان بەسەر دێت؟ ئەگەر وابێت هەموو ئەمانە بەجۆرێك لە جۆرەکان پەیوەندیی بە ئێمەوە نامێنێت!".

شتێکی سەیرە بەدیهێنەرەکە هۆکارەکانی تێرکردنی سەرجەم پێداویستییەکانی بۆ هەموو مرۆڤێك دابینکردبێت،

بـەڵام هۆکارەکـانی تێرکردنـی مـەزنترین پێویستی دابـین نەکات لەڕووی دەروونی و عـەقڵی و ڕۆحییـەوە کـە ئـەویش وەڵامی پرسیارە گەورەیە!

ئەم خاڵەش (یەهودییەت) لە باسەکە دەکاتـە دەرەوە، چـونکە مـەرجی یـەهودی بـوون ئەوەیـە (تـۆ لـەدایکێکی یەهودی لەدایك بووبیت)، ئەگەر نا بۆت نییـە ببیتـە یـەکێك لە کۆمەڵی یەهودی.

هەرچـەندە کـەمێك لـە ئێمـە مـەیلی ئـەوەی هەیـە وا بیربکاتـــەوە کـــە وڵاتەکـــەی خۆمـــان، ڕەگەزەکـــەمان، عەشـــیرەتەکەمان، شارۆچـــکەکەمان یـــان تیپـــی دووگۆڵییەکـەمان باشـترینە (یـان هـەر هـیچ نـەبێت ڕۆژێـك دەبێت بە باشترین)، بەڵام هێشتا زۆرینەمان ئەوەی بـەلاوە قورسە قبووڵی بکات ئەگەر تۆ لە ڕەگەز یـان عەشـیرەتێکی دیـاریکراودا لـەدایك نـەبووبیت ئـەوا کاتێـك مردیـت هـیچ ئومێـدێکت نییـــە تـــا خۆشـــبەختیی تاهـــەتایی بەهەشـــت بەدەستبهێنیت و، ڕێنوێنییە ژیرەکەی بەدیهێنەرەکـە تـەنها بۆ ئەوانە و بۆ تۆ نییە! جا تەنانەت ئەگـەر ئـەوە ڕاسـتیش بێـت ئەوکاتـــە زۆرینـــەمان پشـــتی لـــێ دەکـــەین و بـــە ناپەیوەندیداری دەزانین!

چەند هۆکارێکی کەمی تریش هەن لەبارەی ئەوەی بۆچی ڕەنگە یەهودییەت وەلابنێین، بەڵام ئێستا کاتی ئەوە نییە.

دەمەوێت لێرەدا وچانێکی کورت بدەین..

من ڕاستەوخۆ لەسەرەتاوە ئاگادارم کردیتەوە کە ئەمەت بەدڵ نابێت!

ڕەنگە پێویست بووایە کەمێك زیاتر ئاگادارم بکردیتایەتەوە کە دەشێت ئەنجامەکانی ئەم شەن و کەوە عەقڵانییە مانای ئەوەبێت بەتەواوەتی دژی خواستەکانت و ئەو شتانە بوەستیتەوە کە پێتوایە لە ژیاندا دەتەوێت.

ڕەنگە پێویست بووایە ئاگادارم بکردیتایەوە کە دەشێت ڕقت لە ڕاستییەکە بێت، ئەگەر تۆ لەو جۆرە کەسانەیت کە پێت وایە ژیانت زۆر بێ کەموکوڕییە و هەموو شتێکت هەیە کە دەتەوێت، ئەوا دەتوانم ئاگادارت بکەمەوە کە یەك دنیا هۆکار هەیە دەڵێن: ڕەنگە ئەو دۆخەی تۆی تێدایت بۆ ماوەیەکی درێژ هەروا نەمێنێتەوە. بەڵام جا ئەگەر تۆ لەو جۆرە کەسانە بیت ئەوا گەر پێشت بڵێم هەر گوێ ناگریت.

ئاگاداری! ئـەوەی لەمـەودوا دێـت تـەنها بـۆ ئـەو کەسانەیە کە بەڕاستی ئامادەن لووتبـەرزییان بخەنـە لاوە و کەمێك بەقووڵی بیربکەنەوە و شوێن عـەقڵانیترین بیرۆکـە و ئەنجام بکەون.

هـەتا ئێـرە شـتەکان بـاش ڕۆیشـتوون. بـەڵام لێـرە بەدواوە ڕێگەکەمان کەمێك تاسە و سـەختی و نشـێویی تـێ دەکەوێت، بەتایبەت کاتێك دەگاتە سەر جۆری ئەو بڕیارەی دەیدەیت و ئەو ئەنجامەی پێیدەگەیت.

من نامەوێت بەم ئاگادار کردنەوەیە ساردت بکەمـەوە.. بەڕاستمە، نامەوێت وا بکەم، بەڵام دڵنیـام کارەکـە شـایانی هەموو ئەو هەوڵە دەبێت کە دەیدەیت. ئایا هـەرگیز شتێك هـەبووە شـایانی بەدەسـتهێنان بـوو بێـت و کـەمێك کـاری قورسـی نەویسـتبێت؟ جـا ئـەو ئەنجامانـەی تـۆی بـەرەو ئاڕاستە دەکەم هەنـدێك هـەوڵی دەوێـت بـۆ بەدواداچـوونی. لەڕاستیشـدا بـۆ هەنـدێك کـەس هـەوڵێکی زۆر بـێ وچـانی دەوێت.

کارە قورسەکەی ئێرە جەسـتەیی یـاخود عـەقڵی نییـە بـەو مانایـەی بیرکردنـەوەی زۆری بوێـت. ئەگـەر تـۆ ڕازی بوویت بۆ بـەکارهێنانی لێکدانـەوەی عـەقڵی و ژیـرێتی بـۆ

گەیشتن بە ئەنجامەکان و، ئەگەر ئامادە بیت بۆ هەڵبژاردنی عەقڵانیترین هەڵبژاردە و هەر ئەوەشت بەلاوە گرنگ بێت؛ ئەوا پێموایە حاڵت باش دەبێت. بەڵام هەمووتان وا نابن، چونکە هەندێکتان پاش خوێندنەوەی ئەمە ڕەنگە تەنانەت لەگەڵ هەموو شتەکانیدا هاوڕا بن، کەچی دوایش هەر بەردەوام بن لەو شێوە ژیانەی کە ژیاون... هەر هیچ نەبێت هەوڵ دەدەن کە هەروا بمێننەوە! کە دەڵێم هەوڵ دەدەن لەبەرئەوەیە چونکە ناتوانن هەروا بمێننەوە و ئەم قسەیەشم لە ئەزموونی خۆمەوەیە. ئەوەی دێتە پێش دەتگەیەنێتە ئەنجامێك كە ڕەنگە بۆ هەندێك كەس وەكو ڕاستییەكی تاسێنەر بێت. ڕەنگە هەندێكی تر ئێستا بیرۆكەیەكتان لا گەڵاڵە بووبێت و بزانن چی دەڵێم. بەڵام یەك شت هەیە گومانی تێدا نییە: (هەر كە ڕاستییەكەت زانی، هەرگیز ناكرێت ژیانت وەكو خۆی بمێنێتەوە و، هەمیشە لەگەڵت دەمێنێتەوە. هەرچەندێك هەوڵ و تەقەلای هەڵاتن بدەیت ناتوانیت لە دەست خۆت هەڵبێیت).

ئیتر ئەوە ئاگاداركرایتەوە و، قسەش لەمسەرەوە خۆشە!

جا با بگەڕێینەوە ئەو شوێنەی جێمانهێشت...

ئێستا دوو هەڵبژاردەمان بۆ ماوەتەوە، ئەوانیش بریتین لە: (زەدەشتی) و (ئیسلام).

چەند هۆکارێک هەن بۆئەوەی (ئیسلام) پێش (زەردەشتی) بخرێت. سەرەتا، ئیسلام بانگەشەی ئەوە دەکات کە ئایینێکی گەردوونییە بۆ هەموان. بەپێچەوانەی ئەوەی هەندێك خەڵك بیری لێدەکەنەوە –بەپێچەوانەی ئەو شێواز و ڕەفتارەی کە ڕەنگە هەندێك لە شوێنکەوتووانی ئیسلام بەهەڵە بیکەن–، چونکە ئیسلام ئایینی عەرەب و پاکستانی و هندی نییە. چەندێك بۆ خەڵکی سپی پێستی ئینگلیزی زوبانە هەر ئەوەندەش بۆ عەرەب و ئەفەریقی و ئەسکیمۆیە.

هەروەها شتێکی جێی سەرنجە کە وشەی (ئیسلام) وشەیەکی عەرەبیە و مانایەکی هەیە، کە دەستەواژەیەکی وەسفییە و واتە (ملکەچبوون) یان (تەسلیمبوون) بە بەدیهێنەرەکە.

کەواتە موسوڵمان ئەو کەسەیە کە بانگەشەی گوێڕایەڵی و شوێنکەوتنی ڕێنوێنیی بەدیهێنەرەکە دەکات. هەروەها ئیسلام بانگەشەی ئەوە دەکات ئەم پەیامە بنچینەییەی باوەڕهێنان و شوێنکەوتنی خوای تاك و بێهاوتا

و باڵا بریتییە لەو پەیامە بنچینەییەی کە هەمیشە بەدیهێنەرەکە لەڕێگەی خەڵکانی هەڵبژێردراوی تایبەتەوە بۆ مرۆڤایەتیی ڕەوانە کردووە، بەو خەڵکانەش دەوترێت پێغەمبەر یان پەیامبەر.

ئەم ئایینە ناوەکەی پەیوەندیی نییە و نەبەستراوە بە کەسێکی دیاریکراو یان شوێنێکی دیاریکراوەوە. وەکو یەهودییەت (یەهودا)، مەسیحییەت (مەسیح)، بودییەت (بودا)، هندۆسی (هندستان)، زەردەشتی (زەردەشت)، ئەوەتا ئەمانە هەموویان بەستراون بە کەسێك یان شوێنێکەوە.

جا لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت بۆ نموونە ئەگەر کەسێك لە شوێنێکی دوورەدەست بژی و هەرگیز هیچی نەبیستبێت لەبارەی پیاوێکەوە کە ناوی عیسایە و ئەو پیاوە خوایە و هەروەها کوڕی خوایە و لەپێناو گوناهەکانی مرۆڤدا مردووە، ئەوا هیچ ڕێگەیەك نییە ئەو کەسە خۆی بەهۆی عەقڵی خۆیەوە یان ئەزموونەوە بگاتە ئەوەی دەرك بەوە بکات.

هەرگیز ناتوانیت بە عەقڵ لێکی بدەیتەوە و، پێویستە کەسێك پێت بڵێت.. بەڵام ئەمە لە ئیسلامدا وا نییە، چونکە

بیرۆکە بنچینەییەکەی ئیسلام کە: (یەك بەدیهێنەری بێهاوتا هەیە و دەبێت شوێن ڕێنوێنییەکانی ئەو بکەوین) شتێکە هەر کەسێك لە هەر شوێنێکدا بێت دەتوانێت سەری لێ دەربکات و تێیبگات و بۆی بچێت.

(ئیسلام)، کە (ملکەچبوونە بۆ خوایەکی تاك)، وەك بیرۆکەیەك بەڕاستی گەردوونییە.



# بەشی پێنجەم

# هەڵسەنگاندنی کەسێتی

چەند تاقیکردنەوەیەکی کەمی تر هەن کە دەتوانرێت ئەنجام بدرێن.

<u>یەکەمیان:</u> پەیوەستە بە کەسێتی و خاسییەتی ئەو کەسەی بانگەشەکە دەکات.

ئەگەر ئەو کەسەی بانگەشەی ئەوە دەکات پەیامێکی لەلایەن بەدیهێنەرەکەوە پێیە بە حەقبێژیی و دڵسۆزی و ڕاستگۆیی ناسرابێت و ئەم سیفەتە باڵایانەی تێدا بەدی بکرێن، ئەوا ئاسان قبوڵ دەکرێت بەوەی پەیامەکەشی لە

بەدیهێنەرەکەوە پێ گەیشتووە.

بەدڵنیابییەوە دەکرێت ئەم قسەیە بەو بانگەشەیە وەڵام بدرێتەوە کە کەسەکە سەرلێشێواوە و خۆی بەوە دەزانێت کە بانگەشەی بۆ دەکات. بەڵێ ڕاستگۆیە و حەقبێژە بەڵام ئەزموونەکانی بەرهەم و ئەنجامی هەندێك لێڵیی عەقڵی و وڕێنەن. ئەی ئێمە چۆن بزانین ئەمە وانییە؟

بەدڵنیابییەوە کەس لە ئێمە نایەوێت بخەڵەتێنرێت یان ساختەچییەك قۆڵی ببڕێت یان شوێن پیاوێکی شێت بکەوێت. ئەو جۆرە کەسانە وا دەکەن ئەوەی پێیانە وەکو شتە ڕاستەقینەکە دەربکەوێت و لەو بچێت، زۆرکات بەڵێنی گەورە و چەوری وات پێ دەدەن کە گومان دەکەیت ڕاست بن.

کێشەکە لێرەدا ئەوەیە دەشێت زۆر بە ئاسانی بکەوینەوە ئەو شوێنەی سەرەتا لێوەی دەستمان پێکرد. دەکرێت هەموو ڕکابەرەکانمان وا بێنە پێش چاو کە کەسایەتیی جێی باوەڕن، بەڵام لێرەدا خاڵەکە ئەوەیە کە ئێمە مامەڵەمان لەگەڵ خاوەن بانگەشەکان خۆیاندا نییە. ئەوەی لە دەرگامان دەدات موسا و کریشنا و بودا و زەردەشت و عیسا و موحەممەد یان گورو ناناك نییە، بەڵکو

خەڵکانێك لە دەرگامان دەدەن کە بانگەشە دەکەن نوێنەری ئەوان و ئەو شتانەن کە ئەوان وتویانە.

ئێمە ئەو شتانەمان لەبەردەستە کە لەبارەی ئەوانەوە وتراوە و نووسراوە. جا پێش ئەوەی بتوانین ئەم کەساییەتییانە هەڵبسەنگێنین پێویستە شتێك بزانین لەبارەی ئەوەی لە ڕاستیدا چییان وتووە بە بەراورد بەوەی کە خەڵك بەناوی ئەوانەوە بانگەشەی بۆ دەکەن.

لەبەر ئەمەیە بابەتی ئەسڵییەتیی دەقە پیرۆزەکان شتێکی گرنگە. کێشەی زەردەشتی ئەوەیە هیچ شتێك نەماوە کە بەڕاستی نووسین و وتەکانی زەردەشت بن. ئەو سرووتانەشی کە ماون لەگەڵ هەندێك بیرۆکەی ئاییناسیی بنچینەیین، بەڵام وشەکانی خۆی کەم تا زۆر لەناوچوون.

کێشەکانی ئەسڵییەتیی ئینجیلیش تەنانەت لای مەسیحی و جوولەکەیەکی ڕاستگۆش زۆر باش زانراون. قورئان کە دەقی سەرەکیی ئیسلامە لەم بوارەدا بەڕاستی ناوازەیە! مشتومڕێکی زۆر کەم لەبارەی ئەسڵییەتی دەقی قورئانەوە هەیە.

لەڕاستیدا دەتوانیت لە هەر مزگەوتێکی هەر شوێنێکی جیهاندا دەست بدەیتە نوسخەیەکی قورئان و بەراوردی

بکەیت بەو دەقانەی کە لەماوەی سی ساڵی پاش کۆچی دوایی پێغەمبەر موحەممەددا نووسراون، دەبینیت دەقەکە نەگۆڕاوە، تەنیا ستایل یان شێوازی نووسینەکە و هەندێك ئاماژەی دیاریکراو گۆڕانکارییان تێدا کراوە کە بۆ یارمەتیی گۆکردن و خوێندنەوەیە. ئەمەش تارادەیەکی زۆر جێی سەرنجە بۆ دەقێك کە زیاتر لە (١٤٠٠) ساڵ تەمەنیەتی.

قورئان نەك تەنیا ئەوەی تۆمارێکی نایابی پاراستنی نووسراوەیی هەیە، بەڵکو مێژوویەکی ناوازەی پاراستنی زارەکی و دەماودەمیشی هەیە.

موسوڵمانان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە دەقی ئاینەکانی دیکە گۆڕانکارییان تێدا کراوە و لەناوچوون و بەشێوازی جۆراوجۆر تێکدراون، بەڵام بەدیهێنەرەکە (کە قورئان وتەی ئەوە) بەڵێنی داوە قورئان بپارێزێت لەبەرئەوەی دوایین پەیامە لە بەدیهێنەرەکەوە بۆ مرۆڤایەتی و، موحەممەدیش کۆتا پەیامبەرە.

هەرچەندە موسوڵمانان خۆیان مرۆڤن و قابیلی هەڵەن و بەمجۆرەش مەرج نییە نوێنەری ڕووی ڕاستەقینەی ئایینەکە بن، کەچی قورئانەکە و نموونە و ڕێنماییەکانی پێغەمبەرەکە وەکو خۆی ماونەتەوە تا خەڵکی بەڕاستی

بتوانن بزانن پەیامی خوا چییە.

ئەمە ئەو بانگەشەیەیە موسوڵمان دەیكات، بەڵام باشە ئەی ئیسلام پڕ كێشە نییە؟

ئەرێ قورئان وەكو هەر كتێبێكی تری ئایینەكانی تر نییە، كە پڕ لە دژیەكی و دەستەواژەی لێڵ و هەڵگری چەندین ئاستی لێكدانەوە بێت؟

ئەزانی چی، وادیارە قورئان بەلایەنی كەمەوە لە یەك گۆشەوە لە هیچ دەقێكی دیكەی ئایینەكان نەچێت، ئەو گۆشەیەش بریتییە لەو ڕاستییەی كە تەقریبەن مشتومری لەسەر نییە، ئەویش: (پارێزراوی و ئەسڵێتییەكەیەتی).

جا دووبارە بیڵێینەوە: ئایا چەندێك لەو كێشانەی خەڵك لەگەڵ ئیسلامدا هەیانە لەڕاستیدا پەیوەندییان بە ڕێنماییەكانی قورئان و پێغەمبەرەكەیەوەیە؟ یا ڕاستتر بڵێین: زۆرینەی كێشەكانی خەڵك -گەر هەمووی نەبێت- پەیوەندییان بە ڕەفتاری موسوڵمانانەوە نییە؟

با بە عەقڵانی لێی بڕوانین لەبری سۆز و عاتیفە.

ئایا گەر ڕێنماییەكانی قورئان بە پێچەوانەی ئەو دابونەریت و باوانەوە بوون كە ئێمە پێیان ڕاهاتووین، ئیتر

ئەمە مانای ئەوەیە لەلای بەدیهێنەرەکەوە نییە؟

لەڕاستیدا هیچ هۆکارێك نییە وابکات قورئان لە سەرچاوە ئاسمانییەکەی دابڕێنێت. باشە ئەی ئەگەر وا بێتەپێش چاو کە لەگەڵ ژیانی (مۆدێرن)دا ناگونجێت؟ دەشێت بەدیهێنەرەکە مۆدێرنێتیی بەدڵ نەبێت یان هیچ بیرۆکەیەکی مرۆڤانەی بەدڵ نەبێت.

من ناڵێم کارەکە بەو شێوەیەیە، بەڵکو دووبارە ئەوە دەسەلمێنم کە هۆکارێکی عەقڵانی نییە بانگەشەکەی قورئان بەوەی کە (وتەی بەدیهێنەر)ەکەیە ڕەت بکرێتەوە.

لەم ڕووەوە بەنزیکەیی هەموو ئایینەکان دێنە پاڵ ئیسلام و پرسیار دەکەن سەبارەت بەوەی: (ئایا تا چەندێك ئەو شێوە ژیانە ماددەگەرایییە پووچ و کات بەسەربردنەی بووەتە خەسڵەتی ژیانی مۆدێرن شتێکی دروست و گونجاوە؟).

کێشەی حوکمدان بەسەر هەر کتێبێك یان دەقی ئایینێکدا تەنها بەپێی یاسا و بنەما ڕەوشتییەکانی ئەوەیە کە بەگشتی یاسا و بنەمای ڕەوشتی زۆر دوورن لەوەی شتانێکی گەردوونی بن. بۆ نموونە، ڕەنگە شتێك لە کەلتوورێکدا وەك سزایەکی توند بێتە بەرچاو، بەڵام لە

کـــەلتوورێکی تـــردا ســـزایەکی ســـووک بێـــت. ڕەنگـــە سنووردارکردنی فرەژنی وەکـو ڕێگرییـەکی نامـەعقول بێتـە بەرچـاو لــە کۆمەڵگەیەکـدا کــە پشــت بــە هاوســەرگیری دەبەستێت وەك ئامرازێك بۆ خۆشگوزەرانیی کۆمەڵایـەتیی. لەم بارەدا ڕەنگە لای ئەوان تاك ژنی وەك شـتێکی بـێ مانـا بێتە بەرچاو، بەتایبەتی لای ئافرەتان کە پشت بـە فرەژنـی دەبەستن بۆ خۆشگوزەرانی.

(جیهـانی شارسـتانیی ئـازاد) کـە خـۆی سـتایلی خـۆی هەڵبـــژاردووە، بـــەردەوام بنـــەما ڕەوشـــتییەکانی خـــۆی و بڕیارەکانی سەبارەت بە چـەندین شـت دەگۆڕێـت. شـتانێك دە ســاڵ پــێش ئێســتا خــراپ بــوون ئــەمڕۆ قبــوڵکراون، بــە پێچەوانەشەوە؛ کەچی هەندێك وتەبێژی بەهاکانی (جیهـانی ئـازاد) بـەجۆرێك بـاس لـە بنـەما ڕەوشـتییەکانیان دەکـەن وەکـو ئـەوەی جۆرێـك بـن لـە یاسـای ئاسمـانی، کـە بـە دڵنیاییەوە وا نین. بگرە پێچەوانەکەشیان ڕاستە.

لێرەدا مەبەستەکە ئەوەیە کە گەورەترین کێشە خـەڵك هـەیبێت لەگـەڵ ئیسـلامدا لەڕاسـتیدا نابێتـە پێوەرێـك کـە بەکەڵك بێت و بەکاربێت بۆ حوکمدان لە دژی ئیسلام.

ئەگەر بە عەقلانییەت بێت، دەبێت کاتێك مرۆڤ توانی بەڵگەی بڕواپێهێنەر دەستبخات بۆ سەلماندنی ئەوەی کتێبێك لە سرووشەوەیە، ئەوکاتە ئەو هەڵوێستە هەڵبژێرێت کە: (قبووڵی ئەوە بکات بەدیهێنەرەکەمان دەزانێت چی باشە بۆمان).

لەڕاستیدا ئەگەر زۆری مرۆڤەکان ئەو بنەما ڕەوشتی و یاسا و بەهایانە هەڵبژێرن کە ئاسوودەیان دەکەن لەبری ئەوانەی بۆیان چاك و بەسوودن، یان هەندێك مرۆڤ -وەك دەستەڵاتداران- سیستم و ڕێکخستنێکی بنەمای ڕەوشتی دابهێنن کە لە دەستەڵاتدا بیانهێڵێتەوە! ئەوا ڕاستییەکەی ئەوەیە چەندەها شت هەیە کە باشن بۆمان و ئێمە حەزیان پێناکەین و چەندەها شتیش هەن کە ئێمە حەزیان پێدەکەین و خراپن بۆمان. بۆیە دەبێت ئەو بابەتەی کە گوایە ئیسلام نەگونجاوە لەگەڵ ژیانی سەردەمدا وەکو بابەتێکی بێ بنەما بخەینە لاوە (یان هەر حسابی پیاوێکی پانتۆڵ سووری تری بۆ بکەین!).

ڕەنگە ئێستا کاتی قوتدانی تاڵترین حەب بێت کە تا ئێرە هاتووەتە ڕێمان. کاتی قبووڵکردنی ئەوە بێت کە دەشێت بۆ هەندێکمان قورسترین ڕاستی بێت، ئەوەی کە:

(ڕەنگــە قورئـــان ئـــەو ڕێنوێنییـــە بێـــت کـــە لەلایـــەن بەدیهێنەرەکەوە ڕەوانە کراوە و موحەممەدیش پێغەمبـەری ئەو بەدیهێنەرەیە).

بەلایەنی کەمەوە پێویستە ئێمە دەمارگرژیمان بخەینە لاوە و هـەوڵ بـدەین بـە بیرکراوەیـی ئـەو بەڵگـە عەقڵییانـە هەڵبسەنگێنین کـە پاڵپشـتن بـۆ ئـەو بانگەشـەیەی دەڵێت: (قورئان ئـەو ڕێنوێنییەیـە). خـۆی ئەسـڵەن چـەند شـتێکی تێدایـە کـە پاڵپشـتن بـۆ ئـەم بانگەشـەیە و بـا جـارێکی تـر پێیاندا بچینەوە:

یەکـــەم: ئـــەوەی ئیســـلام لـــەبارەی بەدیهێنەرەکـــەوە دەیڵێـت هاوتایـــە لەگـــەڵ تێگەیشـــتنی عەقڵانییـــەتی هـــەر کەسێك لە هەر شوێنێك بێت، (واتـە: یـەك بەدیهێنـەر بـوونی هەیە و لە بەدیهێنراوەکانی ناچێت). چـەندین ئایـەتی زۆری قورئان هەیە کە ئەم بیرۆکەیە ڕوون دەکەنەوە، بۆ نموونـە:

﴿ قُلْ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ ۝١ ٱللَّهُ ٱلصَّمَدُ ۝٢ لَمْ يَلِدْ وَلَمْ يُولَدْ ۝٣ وَلَمْ يَكُن لَّهُۥ كُفُوًا أَحَدٌ ﴾ الإخلاص: (١-٤)

واتـە: (تـۆ، ئـەی موحەممـەد، بڵـێ: ئـەو شـتەی مـن ئێوەی بۆ بانگ ئەکەم ئەوەیە کە خوا تاك و تەنیایە* هەر ئەو خوایە لە تەنگانەدا پشت و پەنایە* کەسی لێ نەبووە

و، لـه کەسـیش پەیـدا نـەبووه و* کەسـیش هاوچەشـن و هاوپایەی نییه).

هەنـدێك کـەس پرسـیار لـەبارەی بـەکارهێنانی وشـەی (هُـوَ) دەکـەن لـە قورئانـدا: (ئایـا ئەمـە واتـا ئەوەیـە کـە بەدیهێنەرەکە نێرە؟) بەپێی ئەم ئایەتانە، بەدیهێنەرەکە لە هیچ شتێك ناچێت. بابەتەکـە تـەنها پەیوەنـدیی بـە زمـانی عەرەبییـەوە هەیـە، کـە زمـانی ئەسـڵیی قورئانـە و، وەکـو زۆرێك لـە زمانـەکانی تـر تـەنها ڕانـاوی نێـر و مێـی هەیـە و ڕاناوی بێ لایەنی نییه. تەنانەت لە ئینگلیزیشدا وتـنی "it" شێوازێکی گونجاو نییه بۆ قسەکردن لەبارەی خواوە. (هـو) ئەو وشەیەیە کە لـە قورئانـدا بـۆ خـوا بـەکارهاتووە، بـەڵام مانای ئەوە نادات کە خوا پیاو یان نێر بێت بەهۆی ئەمەوە.

دووەم شت کە پاڵپشتی بانگەشەکەی ئیسلامە ئەوەیـە کە: (دەقەکەی بە شێوازێکی زۆر نایاب پارێزراوە). مێژووی ئەم پارێزراوییە خۆی لەخۆیدا شایانی لێکۆڵینەوەیە، بـەڵام هەر بەکورتی تەنها چەند سەرنجێکی چەند لێکۆڵەرەوەیـەك لەمبارەیەوە دەخەمە ڕوو، بۆ نموونە:

ڕۆژهەڵاتناس ڕیچارد بەرتن(Richard Burton) نووسیویەتی: "ئەو قورئانەی ئەمڕۆ لەبەردەستماندایە: بریتییە لەو دەقەی کە بۆمان هاتووەتە خوارەوە و لەلایەن پێغەمبەرەوە ڕێکخراوە و پەسەندکراوە... ئەوەی ئەمڕۆ لەبەردەستماندایە دەقی موصحەفەکەی بەردەستی موحەممەدە".

کێنس کرەیگ (Keneth Cragg) وا وەسفی گواستنەوەی قورئان دەکات لە کاتی دابەزینیەوە هەتا ئەمڕۆ وەکو ئەوەی لەناو "زنجیرەیەکی زیندووی نەپچڕاوی دڵسۆزیدا ڕوودبدات".

شوالی (Schwally) لە کتێبی گێستیچە دێس قورئان (Geschuchte des Qorans)دا نووسیویەتی:

"ئەوەی پەیوەندیی بە هەمەچەشنە لە پارچەکانی وەحیی قورئانەوە بێت، دەکرێت بتوانین دڵنیابین لەوەی کە دەقەکانی ئەو وەحییانە بەگشتی ڕێک وەکو خۆیان گوازراونەتەوە بەو شێوەیەی لە پێغەمبەر جێماوە".

بەدڵنیاییەوە وا دیارە ئەم کەسانە قەناعەتیان هەیە بە ئەسڵییەتی قورئان.

سێیەم هۆکار وا دەکات ئێمە قنج بۆی دانیشین و لێی وردبینەوە، لەبەر ئەوەی کە: پەیامی ئیسلام بانگەشەی ئەوە دەکات پەیامێکی گەردوونییە، بەو واتایەی بۆ هەموو کەسێکە بێ جیاوازیی ڕەگەز و پلە و، بەڕوونی ئەوە دەخاتەڕوو کە بەدیهێنەرەکە ناڕوانێتە ڕەنگ و نەژاد و عەشیرەت و سامان و پایەی کەس بەڵام دڵ و چاکی و کردارەکانی دەکاتە پێوەر بۆی.

بەهەرحاڵ، خوێندنەوەی قورئان وەکو خوێندنەوەیەکی ئاسایی نییە.

دەکرێت تێگەیشتن لێی زۆر قورس بێت، چونکە وا دێتە بەرچاو کە بەپێی هیچ زنجیرەیەکی دیاریکراوی ڕووداو یان بابەت یان باسێك ناڕوات. دووبارەی زۆر تێدایە و تەنانەت بەلایەنی کەمەوە لە باشترین وەرگێڕانی ئینگلیزیشدا شێوازەکەی تەحەددایەکی قورسە. لەڕاستیدا بۆ ئەوەی لێی تێبگەیت دەبێت زۆر بیربکەیتەوە و، بیرکردنەوەش ئەوەیە کە قورئان داوا لە ئێمە دەکات زۆر

ئەنجامی بدەین. بەڵام پەیامە بنچینەییەکەی زۆر ڕوونە کە بریتییە لە:

(تەنها یەك خودا هەیە، کە بە بەزەیی و بەخشندەیە بۆ هەموو بەدیهێنراوەکان بەڵام بەتایبەتی بۆ ئەوانەی خۆبەکەمزانن و باوەڕدارن. هەروەها ئەو توندە لە سزادا بۆ ئەوانەی لووتبەرزن و ڕاستیی باوەڕ ڕەتدەکەنەوە. ژیان تاقیکردنەوەیە و کاتێك ئێمە دەمرین و ئەم گەردوونەی دەیزانین کۆتایی دێت ئەوکات ڕۆژێك دەبێت کە بە جەستە دروست دەکرێینەوە و لێپرسینەوەمان لەگەڵ دەکرێت، جا یان پاداشت دەکرێین بە شادیی تاهەتایی یاخود سزا دەدرێین بە ئازاری تاهەتایی).

گەر لەیادت بێت لەسەرەتاوە پێم وتیت باسی شتی وات دێتە ڕێ کە بە دڵت نابێت، وەکو مردن و جەهەننەم! بەڵام خۆ حەزنەکردنی ئێمە لە شتێك مانای ئەوە نییە حەقیقەت یان ڕاست نییە.

ئایا هیچ شتێکی تر هەیە بکرێت یارمەتیمان بدات لە قبووڵکردنی ئەو بانگەشەیەی قورئان کە لەلایەن بەدیهێنەری ئاسمانەکان و زەوییەوەیە؟ قورئان خۆی

جۆرێــك لــه تاقیکردنــهوەمان دەخاتــه بەردەســت بــۆ جیاکردنــەوەی ڕاســتی لــه ســاختە. لەڕاســتیدا ئەمــە تاقیکردنەوەیەکی باشـە تـا بەسـەر هـەر کتێبێکی تریشـدا جێبــەجێ بکرێــت کــه بانگەشــەی ئــەوە بکــات لای بەدیهێنەرەکەوە ڕەوانه کراوە:

خوای گەورە لە قورئاندا دەفـەرمووێت:﴿ أَفَلَا يَتَدَبَّرُونَ الْقُرْآنَ ۚ وَلَوْ كَانَ مِنْ عِنْدِ غَيْرِ اللَّهِ لَوَجَدُوا فِيهِ اخْتِلَافًا كَثِيرًا ﴾ النساء: (٨٢).

واته: (بۆ لەم قورئانـه وردنابنـەوە؟ بـۆ بـاش بـیری لێ ناکەنەوە تا بۆیان دەرکەوێ کەلامی خودایه و لـه غەیبـەوە هاتووە؟ ئەگـەر قسـەی خـودا نەبووایـه و هـی یەکێکی تـر بوایـه جیـاوازی و ناکۆکییـەکی زۆریـان تێـدا ئەبینییـەوە، هەندێکی فەصیح و هەندێکی نافەصیح و، هەندێکی بەلیغ و هەنـدێکی نابـەلیغ و، هەنـدێکی لەگـەڵ عـەقڵ گونجـاو و هەندێکی نەگونجاو دەبوو).

لێــرەدا مەبەســتەکە ئەوەیــە ئەگــەر کتێبێــك لای بەدیهێنــەری هــەموو بوونــەوەرەوە ڕەوانــه کرابێــت، ئــەوا شتێکی عەقڵانییـه کـه دەبێـت ئـەم بوونـه بێهاوتایـه زۆد

هۆشمەنـد و ژیـر بێـت، تـا ئـەو ئاسـتەی دەشـێت لـە تێگەیشتنی مرۆڤ بەدەر بێت.

بەدڵنیاییەوە مرۆڤ چاوەڕێی ئەوە دەکات بەدیهێنـەری هـەموو بـوون ئاشـنا بێـت بـە بنچـینەکانی بەڕێوەچـوونی جیهـانی سروشـت و گـەردوون و ڕووداوەکـانی مێـژووی مرۆڤایەتی.

لـەم ڕووەوە، ئـەوەی جێـی نایابێتییـە لـە قورئانـدا ئەوەیـە نـەك هـەر هـیچ دژیەکییـەکی تێـدا نییـە، بـەڵکو لەڕاسـتیدا وا دیـارە وتـەی وای تێدایـە لـەبارەی مێـژوو و ئایینناسی و فەلسەفە و یاسا و جیهـانی سروشـتییەوە کـە تەحـەددای لێکدانـەوە و ڕوونکردنـەوە ئاسـاییەکانی مـرۆڤ دەکات.

قورئـان خاسـییەتێکی سەرنجڕاکێشـی تـری هەیـە کـە بریتییـە لـەوەی هـەتا ئێسـتاش لەپێشـترین و مـەزنترین پارچـەی ئـەدەبیاتی زمـانی عەرەبییـە. لەڕاسـتیدا قورئـان خـۆی تەحـەددای عـەرەب دەکـات بـۆ دانـانی تـەنیا یـەك سوورەت کـە بـەراورد بکرێـت بـە قورئـان، لـە کاتێکدا کـە عـەرەب وەسـتای هـۆنراوە و لێهـاتوویی زمانـەوانی بـوون.

کورتترین سوورەتیش لە قورئاندا تەنها سێ ڕستەیە!

لە سەردەمێکدا کە شاعیران وەکو (شائەستێرە)ی سەردەمی خۆیان بوون، کەچی پێغەمبەر موحەممەد هیچ توانایەکی شیعریی لێ نەبینراوە، نە لە پێش دابەزینی قورئان و نە لە دوایشیدا. لەڕاستیدا وتە و دەربڕینەکانی ئەو بەڕوونی جیاوازییان هەیە لە ڕووی زمانەوانییەوە لەگەڵ قورئاندا و دەکرێت بە ئاسانی بناسرێنەوە.

زۆرێك لە شاعیر و وتاربێژە هەرە لێهاتووەکانی ئەو کاتە دانیان بەوەدا ناوە کە ئەمانە قسەی موحەممەد نین، تەنانەت هی مرۆڤ نین. زۆرێك تەنها بە بیستنی خوێندنەوەی قورئان ئیسلامیان هەڵبژاردووە. لای ئەوان ئەوە گەورەترین بەڵگە بووە بۆ قەناعەتکردن بەوەی کە سەرچاوەکەی ئەم پەیامە سرووشی ئاسمانییە.

بەڵێ، دەشێت بینینی ئەمە بۆ ئێمە لەمڕۆدا قورس بێت، بەڵام ئەوە ڕاستییەکی مێژوویی حاشاهەڵنەگرە.

پرسیارەکە هێشتا هەر ماوە کە: "چۆن کەسێك بێ هیچ بەهرەیەکی شیعری توانی شاکتێبێکی وا بەرهەم بهێنێت کە تا ئێستاش هەرە باڵایە لە تەواوی زمانی عەرەبیدا، ئەمە لە سەردەمێکیشدا کە مەزنترین پارچە شیعری عەرەبیی تێدا نووسراوە. ئەگەر یەکێك بیەوێت

ئەوە بەم سەردەمەی ئێستا بەراورد بکات، وەکو ئەوە وایە کەسێکی نەخوێندەوار بێ هیچ زانیارییەکی زانستی یان خوێندن و ڕاهێنانێك شابیردۆزێکی بێ خەوشی فیزیا دابنێت!

موحەممەد وەکو زۆربەی خەڵکی ئەو کاتەی نیوەدوورگەی عەرەبی نووسین و خوێندنەوەی نەزانیوە. هیچ ڕێگەیەکیشی نەبووە تا دەستی بەو ئامرازانە بگات و بەهۆیانەوە ئەم زانیارییانە فێرببێت. دەی کەواتە ئەو ئەم زانیارییانەی لەکوێوە دەستکەوتووە، بێ گومان ئەمە تەحەددایەکی بەردەوام بوو بۆ نەیارەکانی لەو سەردەمەدا، هەروەکو چۆن بە درێژایی مێژووش وا بووە بۆ ئەوانەی قبووڵکردنی ڕاستیی ئەوەی: (قورئان لە لایەن بەدیهێنەرەوەیە)یان ڕەت کردووەتەوە.

هەندێك نکوڵیکاری مەسیحی تا ئەو ڕادەیەش سنووریان تێپەڕاندووە کە بڵێن: (موحەممەد لەڕاستیدا قەشەیەکی مەسیحیی کافر بووە و، ڕای کردووە بۆ نیوەدوورگەی عەرەبی)! هەندێکی تر بانگەشەی ئەوە دەکەن کە (خوێندکاری ڕاهیبێکی هەڵگەڕاوە بووە)!

بەهەرحاڵ و سەرەڕای ئەو مێژووە دەوڵەمەندەی ژیانی موحەممەد کە لە بەردەستدایە، تا ئێستا کەس نەیتوانیوە بزانێت چۆن توانیویەتی بۆ ماوەی (بیست و سێ) ساڵی بانگەوازەکەی خۆی حەشار بدات.

بابەتێکی تر کە دێتە پێش بریتییە لەوەی کە (قورئان داهێنراوێک بێت و، موحەممەد ڕاستبێژ نەبێت)! بانگەشەیەکی واش زۆر کێشەی تێدایە، چونکە هەر لێکۆڵینەوەیەك لە ژیانی موحەممەد بەڕوونی دەری دەخات کە تەواو سەرڕاست و حەقبێژ بووە. ئەو بە هیچ شێوەیەك خاسییەتە دەروونییەکانی کەسێکی ساختەچیی تێدا بەدی نەکراوە؛ ئەمەش وای لە هەندێك کەس کردووە بڵێن: (موحەممەد خەیاڵاوی و شێت بووە و، بەخەیاڵی خۆی باوەڕی وا بووە کە پێغەمبەر بووە، بۆیە توانیویەتی خۆی و کەسانی تریش قەناعەت پێبکات)! ئەمەش هێشتا وەڵام نییە بۆ نهێنیی ئەو ئاستە نایابەی زانیاریی تێروتەسەل و فراوانی قورئان کە بە هیچ شێوەیەك لە ناوازەییدا هاوتای نییە.

ئەزانی چی، ناکرێت کەسێك لەیەك کاتدا خەیاڵ پڵاو و درۆزنیش بێت. ئەگەر تۆ لەو بڕوایەدا بیت کە پێغەمبەریت

و، بەڕاستی باوەڕت وا بێت لەلایەن خواوە زانیاریت پێدەگات، ئەوا کاتێک کەسێك پرسیارێکی قورست لێ دەکات –هەروەکو چۆن زۆرکات لە موحەممەدیان دەکرد– ڕاناکەیت بۆ لای نزیکترین قەشە یان حاخام بۆ ئەوەی بزانیت وەڵامەکەی چییە؛ چونکە تۆ قەناعەتت هەیە کە خوا پێت دەڵێت.

عەقڵانیترین ئەنجام کە ڕوونکردنەوە بێت بۆ هەردوو دیاردەی ئاستی بەرزی زانیاری لە قورئاندا و دڵسۆزی و حەقبێژی موحەممەد بریتییە لەوەی هەر بەڕاستی ئەوەیە کە بانگەشەی بۆ کردووە، واتە (پێغەمبەری خوا)یە.

وا دیارە تەنها ئەمە ڕوونکردنەوەیەکی بەهێز بێت بۆ زانیارییەکە، لەبەرئەوەی ئەم زانیارییە لەلایەن بەدیهێنەرەکەوەیە و وەکو جۆرێکە لە دووپاتکردنەوەش بۆ ئەوە. دڵسۆزی و حەقبێژی و ڕەفتاری سەرڕاستی موحەممەد تەنها ئەو شیکردنەوەیەی هەیە کە بەڕاستی پێغەمبەر بووە، هەروەها بێ گومان بوونە لەوەی کە پەیامی خوایی پێ گەیشتووە.



## بەشی شەشەم

# ئاستێکی سەرسوڕهێنەری زانیاری

ئێستا ڕەنگە هەندێك لە ئێوە بیر لەوە بکەنەوە ئایا دەبێت ئەو "ئاستە سەرسوڕهێنەرەی زانیاری" چی بێت کە لەم کتێبەدا باسی دەکرێت!

لەڕاستیدا ئەمە خۆی بابەتێکی بەرفراوانە و دەتوانێت چەندەها بەرگ کتێب پڕ بکاتەوە، ئینجا لەسەروو ئەوەشەوە دەبێت هەموو بەڵگەکان و دژە بەڵگەکانیشی بخەینە سەر، ئەمەش چەندین بەرگ کتێبی تری دەوێت!

یەکەمیان پەیوەندیدارە بە مێژووەوە.

زۆرێك لە مەسیحییەکان هەوڵیان داوە موحەممەد بەوە تۆمەتبار بکەن کە هەوڵی لەبەرگرتنەوە و بەکارهێنانی ئینجیلی داوە، ئەمەش زۆر بێ مانایە لەبەر کۆمەڵێك هۆکار.

یەکێك لەوانە لەبەر ئەوەیە: لەو کاتەدا ئینجیلی عەرەبی بوونی نەبووە و ئەگەریش هەبووبێت موحەممەد خوێندنەوەی نەزانیوە.

زۆرێك لە هەمان ئەو خەڵکانەی کە لە قورئاندا باسکراون لە ئینجیلیشدا ناویان هەیە، زۆرینەشی لەبەر ئەوەی کە یا پێغەمبەر یان پەیامبەری خوان. قورئان وەکو کۆتا پەیامی خوایی بەدیهێنەرەکە ژیانی ئەو کەسانە دەخاتە ڕوو بۆ ئەوەی ببنە نموونەی شایستەی باسکردن بۆ ئیلهام بەخشین و هاندانی بڕواداران بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی سەختییەکانی ئەو ژیانەی لەپێشیانە.

شتێکی سەیر نییە کە باسی ئیبراهیم کراوە، چونکە عەرەب ئەو بە باوەگەورەی خۆیان دەزانن لە ئیسماعیلی کوڕییەوە. یەکێك لە دەستەواژەکان کە لە ئینجیلدا بۆ عەرەبەکان بەکارهاتووە بریتییە لە وشەی (ئیسماعیلی) چونکە وەچەی ئەون.

بەهەرحاڵ، ئەوەی ڕەنگە سەیر بێت و شیکردنەوەی تەحەددایەك بێت ئەو باسە زۆرەیە کە لە قورئاندا لەبارەی موساوە هەیە. بەدڵنیاییەوە ڕوونکردنەوەیەکی سادەی ئەمە ئەوەیە کە ئەو ئاستەنگ و ئەرکانەی ڕووبەڕووی موحەممەد بوونەوە هاوشێوەی ئەوانە بوون کە ڕووبەڕووی موسا بوونەتەوە، جا بۆیە ئەزموونی موسا ڕێبەرییەکی بەسوود و ئیلهام بەخش بوو بۆ کۆتا پەیامبەر.

دوو وردەکاریی سەرنجڕاکێشی بچووك، بەڵام بەهێز و قەناعەتپێکار، لەم چیرۆکانەی قورئاندا هەیە:

- سەرەتا، شتێکی سەرنجڕاکێشە کە چۆن یوسف (کوڕی ئیسرائیل -یاخود یەعقوب-)یش لە قورئاندا باسکراوە و هەرگیز ئەو بە حاکمی میسر ناڵێت فیرعەون بەڵکو بە پادشا ناوی دەبات، لە کاتێکدا شتێکی ڕوونە کە موسا لەگەڵ فیرعەونێکدا مامەڵە دەکات. کەچی ئینجیل بە هەردووکیان دەڵێت فیرعەون. ڕەنگە یەکێکتان بڵێت جا ئەوە کەی ئەوەنە کێشەیەکی گەورەیە! بەڵام کە دەمانەوێت لە مێژوودا بۆ یوسف بگەڕێین بۆمان دەردەکەوێت: لەڕاستیدا ئەو بنەماڵەیەی حوکمی میسری کردووە لەو کاتەدا (هایکۆس)ەکان بوون و، ئەوان (سامی)

بوون و وشەی فیرعەونیان بەکارنەهێناوە، کە وشەیەك بووە لە لایەن میسرپییەکان خۆیانەوە بۆ ئەو حاکمانە بەکارهاتووە کە لە خۆیان بوون. حاکمی میسرڕ لەسەردەمی موسادا بە ئەسڵ میسرپی بووە و هاتووەتە جێی هایکۆسەکان و، هەر ئەویش بووە کە دەستی کردووە بە چەوساندنەوەی خێڵەکانی ئیسرائیل.

ئەگەر موحەممەد لە ئینجیلەوە زانیاریی وەرگرتبێت و لەبەری گرتبێتەوە بۆچی ئەم هەڵە مێژووییەشی وەرنەگرتووە و لەبەری نەگرتووەتەوە؟ ئایا زانیارییەکی وا ورد و دەقیقی لە کوێوە دەستکەوتووە؟ خۆ لەو سەردەمەدا هیچ زانکۆیەك بوونی نەبووە کە بەشی خوێندنی شوێنەوارە میسرپییەکانی هەبێت. بگرە لە سەردەمی ئەودا سەدان ساڵ بووە کە زانیاری لەسەر خوێندنەوەی زمانی هێرۆگلیفی نەماوە، بگرە هەر شتێکی نەزانراویش بووە تا ئەو کاتەی (١٠٠٠) ساڵ دواتر بەردی (ڕۆزێتا) دۆزرایەوە. ئەمەش وا دەکات زانیاریی دووەممان سەرنجڕاکێشتر بێت.

- قورئان باس لەوە دەکات چۆن موسا دەچێت بۆلای فیرعەون و بانگهێشتی دەکات بۆ ئەوەی باوەڕ بهێنێت.

فیرعەونیش دەست دەکات بە پرسیارکردن لەبارەی ئەم خوا نەبینراوەی سەروو ئاسمانەکان. جا فیرعەون ئەو کەسە بوو کە خۆی بە خوا دەزانی، لەڕاستیدا وایدەزانی لەڕێی سیحرەوە دەتوانێت فەرمان بە خوداکان بکات. بۆیە بە لووتبەرزییەوە بە یەکێك لە دارودەستەکەی دەڵێت:

﴿وَقَالَ فِرْعَوْنُ يَٰهَٰمَٰنُ ٱبْنِ لِى صَرْحًا لَّعَلِّىٓ أَبْلُغُ ٱلْأَسْبَٰبَ ﴿٣٦﴾ أَسْبَٰبَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ فَأَطَّلِعَ إِلَىٰٓ إِلَٰهِ مُوسَىٰ وَإِنِّى لَأَظُنُّهُۥ كَٰذِبًا ۚ وَكَذَٰلِكَ زُيِّنَ لِفِرْعَوْنَ سُوٓءُ عَمَلِهِۦ وَصُدَّ عَنِ ٱلسَّبِيلِ ۚ وَمَا كَيْدُ فِرْعَوْنَ إِلَّا فِى تَبَابٍ﴾ غافر: (٣٦-٣٧)

واتە: (فیرعەون بە هامانی وەزیری خۆی وت: ئەی هامان! تەلارێکی بەرزم بۆ دروست بکە بەڵکو بتوانم بە هۆی ئەو تەلارەوە بگەمە چەند ڕێگایێ* ڕێگاکانی ئاسمانەکان. جا بەهۆی ئەو ڕێگایانەی ئاسمانەکانەوە کە وەکو ڕوانگە لێیانەوە بڕوانم و لە بارەی خواکەی مووساوە ئاگاداری پەیدا بکەم. بەڕاستیش من وای بۆ ئەچم مووسا درۆ بکا کە ئەڵێ: خوا منی ناردووە بۆ لای ئێوە. ئا بەم جۆرە فیرعەون کرداری ناشیرینی خۆیی بۆ جوان کرا و ڕێی لێ گیرا کە پەیڕەویی پێغەمبەران بکا و ڕێگای چاکە بگرێتەبەر، بەڵام هەرچی فڕوفێڵی فیرعەون هەیە هەمووی لە مایەپووچیدایە).

لە کتێبی ئێستیر (Esther)ی ناو ئینجیلدا (هامان)ێك هەیە -کتێبی (ئێستیر)یش خۆی ئەسڵێتییەکەی جێی مشتومڕە- ئەم کەسایەتییە دەگەڕێنێتەوە کاتێکی دواتر و لە وڵاتی فارسدا وەك وەزیرێکی کۆشکی ئەخشەروش (Ahasuerus) باسی دەکات.

بەهەرحاڵ هیچ تۆمارێکی سەربەخۆی مێژوویی بوونی نییە کە ئەوە نیشان بدات کەسایەتییەکی وا هەرگیز لە وڵاتی فارس بوونی هەبوو بێت. لەڕاستیدا زانایانی ئینجیلی (هامان)یان بە خودای ئیلامیی (هومان) داناوە، یان ئەگەری ئەوەی کە وشەی (هەمایون)ی فارسی بێت، کە واتای (ناسراو) و بە فارسییەکەی دەکاتە (ئوانس).

بەڵام ئێمە بەپێچەوانەی مشتومڕکەرە گاڵتەپێکەرەکانی مەسیحییەکان هامانمان هەیە کە لە میسڕی کۆندایە و وا دیارە ڕێك خۆی بێت و پڕ بە پێستیەتی.

دکتۆر مۆریس بۆکای (Maurice Bucaille) کەسێك بوو لە یەکەمینەکانی ئەوانەی لەڕووی زانستی میسرناسییەوە لێکۆڵینەوەی لە ناوی (هامان) کردووە. ئەو بە پوختی دەڵێت: مادام ناوی (هامان) لە قورئاندا لەکاتی

موسادا و له میسرِ باسکراوه، ئەوا باشترین ڕێ بۆ گرتنەبەر بریتییە لەوەی سەبارەت بە ناوەکە پرسیار لە شارەزایەکی زمانی کۆنی میسری بکەین، واتا زمانی (هێرۆگلیفی).

دکتۆر مۆریس گفتوگۆیەکی سەرنجراکێشی خۆی و میسرناسێکی ناوداری فەرەنسی باس دەکات و دەڵێت: "لە کتێبی وردبوونەوە لە قورئان ( Reflexions sur le coran)دا باسم لە دەرئەنجامی پرس و ڕای لەم جۆرە کردووە کە نزیکەی چەند دەرزەنە ساڵێك لەمەوبەر کردم و بووە مایەی ئەوەی گومان لە کەسێکی شارەزای فەرەنسی بکەم کە سەرەڕای ئەوەی زمانی عەرەبیی بە باشی دەزانی و یەکێك بوو لە دیارترین میسرناسەکان، بەهۆی توانا و شارەزاییشییەوە کەسێکی دروست بوو بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکە.

وشەی (هامان)م نیشاندا ڕێك بەو جۆرەی لەبەر قورئان نوسیبوومەوە و، پێم وت ئەم وشەیەم لە ڕستەیەك لەناو بەڵگەنامەیەکدایە و لەوە وەرگیراوە، ئەو بەڵگەنامەیە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی (٧)ی زاینی، ڕستەکە سەبارەت بە کەسێکە کە پەیوەندیی بە مێژووی میسرەوە هەیە.

ئەو پێی وتم لە حاڵەتێکی وادا ئەو وا دەبینێت کە ئەم وشەیە دەقاودەقی نووسراوی ناوێکی هیرۆگلیفی بێت، بەڵام بەلای ئەوەوە گومانی تێدا نییە کە نابێت بەڵگەنامەیەکی سەدەی (٧)ی زاینی ناوێکی هێرۆگلیفیی تێدا بێت، کە تا ئەو کاتە نەزانراو بووە، چونکە لەو کاتەدا زمانی هێرۆگلیفی بەتەواوی لەبیرچووەتەوە.

بۆ دووپاتکردنەوەی ڕاکەی خۆی لەبارەی ناوەکەوە ڕێنمایی کردم کە بڕوانمە فەرهەنگی ناوە کەسییەکانی مەملەکەتی نوێ Dictionary of Personal names of (the New Kingdom) کە لە نووسینی ڕانک (Ranke)ە، بەوپێیەی دەشێت لەوێدا ناوەکە بە شێوەی نووسینی هێرۆگلیفی و وەکو ئەوەی ئەو بۆی نوسیبووم ببینم، هەروەها لەگەڵ چۆنییەتی خوێندنەوەی ناوەکە بە ئەلف و بێی ئەڵمانی.

ئەو قسانەی شارەزاکە گریمانەی کردبوو هەموویم دۆزییەوە و زیاد لەوەش کە پیشەکەی (هامان)م خوێندەوە لە کتێبەکەدا لە جێی خۆم وشك بووم، نووسرابوو: "بەرپرسی کرێکارانی کانە بەردینەکان"بووە، ڕێك وەکو ئەوەی لە قورئانی هەڵدەهێنجێنین، کە هامان زیاتر

شارەزایەکی بنیاتنان بوو بێت.

کاتێک دووبارە هاتمەوە بۆ لای شارەزاکە بە نوسخەیەکی قاموسەکەوە کە باسی هامانی تێدا بوو، هەروەها یەکێك لە پەڕەکانی قورئانیشم نیشاندا کە ناوی هامانی تێدایە کابرا لەگۆ کەوت...

زیاد لەمەش، ڕانك وەکو سەرچاوەیەك باسی کتێبێکی کردووە کە لە ساڵی (١٩٠٦)دا دەرچووە لەلایەن میسرپناس واڵتەر ڕێسزنسکی (Walter Wresznizki) ئەمیش باسی ئەوەی کردووە کە: ناوی (هامان) لەسەر میلێك هەڵکەندراوە کە ئێستا وا لە مۆزەخانەی هۆف (Hof) لە ڤییەننای پایتەختی نەمسا.

پاش چەند ساڵێك کاتێك توانیم لەسەر ئەو میلە بە هێرۆگلیفی ناوی پیشەکەی هامان بخوێنمەوە، بینیم ئەو ئامرازی ناساندنەی بە ناوەکەوە لکاوە جەختی لە گرنگیی ئەو دۆستەی فیرعەون دەکردەوە".

جا ئێستا ئا ئەوەیە کە من پێی دەڵێم (ئاستێکی سەرسوڕهێنەری زانیاری)!

موحەممەد زانیارییەکی وای لە کوێوە دەستکەوتووە ئەگەر لە خواوە نەبێت؟

هێشتا ماوەتی..

تەنها بیرێك لە وشەی (١٤٠٠) ساڵ پێش ئێستا بکەوە لەگەڵ ئاستی ئەو زانیارییەی کە بوونی هەبووە، یاخود باشتر بڵێین ئاستی ئەو نەزانینەی باڵی کێشاوە، بەتایبەتی لەبارەی جیهانی سروشتییەوە. بەدڵنیاییەوە هەندێك بیرمەند و فەیلەسوف هەندێك دۆزینەوەی سەرنجڕاکێشیان هەیە و دۆخی زەوییش دەخەملێنن، بەڵام لە زۆرێك شتدا بەهەڵەدا چوون. ئەفسانە و خورافەش بێشومار بوون.

لە خوێندنەوەی قورئاندا نەبوونێکی ڕوون و بەرچاوی ئەم جۆرە ئەفسانە و خورافانە دەبینیت لەبارەی دروستبوونی گەردوون و جیهانی سروشتییەوە. بەڵێ، موعجیزە و کاری سەرسوڕهێن لەلایەن بەدیهێنەرەکەوە ئەنجامدراوە بۆ زیادکردنی باوەڕی بڕواداران و دۆشداماني نکوڵیکاران، بەڵام وەسفەکانی جیهان و گەردوون بە شێوەیەکی سەرسامکەر مۆدێرن و سەردەمیانەن. هەرچەندە بەشێوەیەکی ئاسایی وا چاوەڕوان دەکرێت ڕەنگدانەوەی خورافە و ئەفسانەکانی ئەو کاتەی تێدا بێت. تەنانەت ئەگەر موحەممەد توانیبێتی باشترین بیرۆکەکانی ئەو کاتە هەڵبژێرێت و ئەم خورافانە واز لێ بێنێت، ئەوا

هێشتا ئەوەی بۆ وەڵامە ئەو هاوتاییە سەرسامکەرەیە کە قورئان لەگەڵ زانستی سەردەمدا هەیەتی.

ئەمانەش چەند ئایەتێکن لە قورئان لەبارەی گەردوون و دروستبوونی گەردوونەوە:

﴿ أَوَلَمْ يَرَ الَّذِينَ كَفَرُوا أَنَّ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ كَانَتَا رَتْقًا فَفَتَقْنَاهُمَا وَجَعَلْنَا مِنَ الْمَاءِ كُلَّ شَيْءٍ حَيٍّ أَفَلَا يُؤْمِنُونَ ﴾ الأنبياء: ٣٠.

واتە: (ئایا کافرەکان نازانن کەوا ئاسمانەکان و زەوی پارچەیەکی پێکەوە لکاو بوون و لێکمان کردنەوە و، هەموو شتێکی زیندوومان لە ئاو دروست کردووە؟ دەی ئایا هێشتا هەر ئیمان ناهێنن؟).

قەت شتێکت بیستووە ناوی (تەقینەوە گەورەکە) بێت، کە چۆن گەردوون وەکو یەك پارچە دەستی پێکردووە و تۆپێکی ئێجگار چڕی ماددە و وزە بووە؟ لە سەرەتادا ئەوەمان باس کرد، لە بیرتە؟

بەدڵنیاییەوە هەروەك بینیمان زانیاریی قورئان دروستە لەبارەی شتێکی ئاواوە کە ئێمە تەنها نزیکەی حەفتا ساڵ پێش ئێستا بۆمان دەرکەوتووە. کەواتە ئەم ئایەتە بخوێنەوە:

﴿ وَٱلسَّمَآءَ بَنَيۡنَٰهَا بِأَيۡيْدٖ وَإِنَّا لَمُوسِعُونَ ﴾ الذاريات:٤٧.

واتــە: (ئاسمانیشــمان بــەهێز دروســت کــرد و ئێمــە ئەتوانین گەورەتریشی بکەین).

کاتێـك ئاینشـتاین خـەریکی باسـی بیردۆزەکـانی بـوو، کۆڕایی لەناو زانایاندا هەبوو کە گـەردوون وەسـتاوە و هـەر واش بووە لەوەتەی هەبووە، بەڵام تیڕوانینی نوێی سەردەم ئــەوەی ڕوونکــردەوە کــە لەڕاســتیدا گەلەئەســتێرەکان بەڕێژەیەکی جێگیر لەیەکتر دوور دەکەونەوە، بـە مانایـەکی تر؛ واتە گەردوون لە فراوانبووندایە. شتێك کـە زۆر لـە نـامۆ نــامۆترە ئەوەیــە کــە ئــەم شــتانە لــە کتێبێکدایــە کــە تەمەنەکەی (١٤٠٠) ساڵە.

زانست وەك کەسێکە کە زوو زوو ڕای خۆی دەگۆڕێت!

ئەو شتانەی لە سـەردەمێکدا هـەموو زانایـان لەسـەری هاوڕان، دەبینیت لـە کاتێـك و سـەردەمێکی تـردا هـەڵوگێڕ دەبنەوە و بە تێـڕوانینی نـوێ دژییـەك دەبـن، بۆیـە ڕەنگـە ئەمە باشترین شت نـەبێت بـۆ حوکمـدان بەسـەر کتێبێکدا. بەڵام هێشتا هەندێك شت هـەن وا دیـارە هێنـدە بینـراون و تێبــینی کــراون کــە بــوون بــە جۆرێــك لــە (ڕاســتیی حاشاهەڵنەگر).

یەکێك لەو شتانە: گەشەی کۆرپەلەیە لە سکی دایکدا. بیرۆکەی ئەوەی کە ئێمە بە قۆناغی گەشەی ئاوڵەمەییدا دەڕۆین شتێکی زۆر تازەیە. زۆرێك تیۆر لە کۆن و سەرەتای سەردەمی مۆدێرنیشدا بوونیان هەبووە کە کەمێك گەوجانە دێنە بەرگوێ. بۆ نموونە: یەکێك لەو تیۆرانەی لە سەدەی هەژدەدا بەربڵاو بوو بریتی بوو لە تیۆری پێش شێوەگرتن (Pre-formation).

ئەمە بیرۆکەیەك بوو کە گوایە گیانلەبەری شێوەگرتووی ئامادە لەناو سپێرمی پیاودا بوونی هەیە. تەنانەت بانگەشەی ئەوە هەبوو کە ئەمە لە ڕێگەی ئامێری مایکرۆسکۆپی سەرەتایی کە لەو سەردەمەدا بوونی هەبووە بینراوە. چ بینینێك و چ باوەڕپێکردنێك!

ئەرستۆش وای زانیبوو ئەو خوێنەی لە سووڕی مانگانەی ژندا کۆدەبێتەوە بەهاوکاری تۆواو کۆرپەلە دروست دەکات.

کەچی لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەدا بوو: ئەوەی ئەمڕۆ دەیزانین وردە وردە ڕوون بووەوە. ئەمە لەکاتێکدا (١٤٠٠) ساڵ لەمەوبەر قورئان ئەم دەربڕینەی خستووەتەڕوو:

یەکێك لەو شتانە: گەشەی کۆرپەلەیە لە سکی دایکدا.

بیرۆکەی ئەوەی کە ئێمە بە قۆناغی گەشەی ئاوڵەمەییدا دەڕۆین شتێکی زۆر تازەیە. زۆرێك تیۆر لە کۆن و سەرەتای سەردەمی مۆدێرنیشدا بوونیان هەبووە کە کەمێك گەوجانە دێنە بەرگوێ. بۆ نموونە: یەکێك لەو تیۆرانەی لە سەدەی هەژدەدا بەربڵاو بوو بریتی بوو لە تیۆری پێش شێوەگرتن (Pre-formation).

ئەمە بیرۆکەیەك بوو کە گوایە گیانلەبەری شێوەگرتووی ئامادە لەناو سپێرمی پیاودا بوونی هەیە. تەنانەت بانگەشەی ئەوە هەبوو کە ئەمە لە ڕێگەی ئامێری مایکرۆسکۆپی سەرەتایی کە لەو سەردەمەدا بوونی هەبووە بینراوە. چ بینینێك و چ باوەڕپێکردنێك!

ئەرستۆش وای زانیبوو ئەو خوێنەی لە سووڕی مانگانەی ژندا کۆدەبێتەوە بەهاوکاری تۆواو کۆرپەلە دروست دەکات.

کەچی لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەدا بوو: ئەوەی ئەمڕۆ دەیزانین وردە وردە ڕوون بووەوە. ئەمە لەکاتێکدا (١٤٠٠) ساڵ لەمەوبەر قورئان ئەم دەربڕینەی خستووەتەڕوو:

﴿ ٱقۡرَأۡ بِٱسۡمِ رَبِّكَ ٱلَّذِي خَلَقَ ١ خَلَقَ ٱلۡإِنسَٰنَ مِنۡ عَلَقٍ ﴾ العلق: (١-٢).

واتە: (قورئان بخوێنە لەگەڵ هێنانی ناوی ئەو خوایەی خۆتا کە دروستکردنی هەر دروستکراوێ کاری ئەوە* ئەو خوایەی ئادەمزادی لە پارچەیێ خوێن دروست کردووە).

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِن كُنتُمۡ فِي رَيۡبٖ مِّنَ ٱلۡبَعۡثِ فَإِنَّا خَلَقۡنَٰكُم مِّن تُرَابٖ ثُمَّ مِن نُّطۡفَةٖ ثُمَّ مِنۡ عَلَقَةٖ ثُمَّ مِن مُّضۡغَةٖ مُّخَلَّقَةٖ وَغَيۡرِ مُخَلَّقَةٖ لِّنُبَيِّنَ لَكُمۡۚ وَنُقِرُّ فِي ٱلۡأَرۡحَامِ مَا نَشَآءُ إِلَىٰٓ أَجَلٖ مُّسَمّٗى ثُمَّ نُخۡرِجُكُمۡ طِفۡلٗا ثُمَّ لِتَبۡلُغُوٓاْ أَشُدَّكُمۡۖ وَمِنكُم مَّن يُتَوَفَّىٰ وَمِنكُم مَّن يُرَدُّ إِلَىٰٓ أَرۡذَلِ ٱلۡعُمُرِ لِكَيۡلَا يَعۡلَمَ مِنۢ بَعۡدِ عِلۡمٖ شَيۡـٔٗاۚ وَتَرَى ٱلۡأَرۡضَ هَامِدَةٗ فَإِذَآ أَنزَلۡنَا عَلَيۡهَا ٱلۡمَآءَ ٱهۡتَزَّتۡ وَرَبَتۡ وَأَنۢبَتَتۡ مِن كُلِّ زَوۡجِۭ بَهِيجٖ ﴾ الحج: ٥.

واتە: (خەڵکینە! ئەگەر ئێوە گومانتان لە زیندووبونەوەی خۆتان لە ڕۆژی قیامەتدا هەیە، چاری ئەو گومان و دوودڵییەتان بەوە بکەن وردببنەوە، من ئێوەم لە گڵ دروست کردووە چونکە باوکە گەورەی ئادەمزاد کە ئادەمە لە گڵ دروست کراوە، لەوەپاش لە تۆوی باوك و دایك دروستم کردوون، ئەمجا لە پارچە خوێنێك دروستم

کردوون، ئەمجا لە پارچە گۆشتێك دروستم کردوون، هەیەتی خراوەتە شێوەی ئادەمزادەوە و هەیەتی نەخراوەتە شێوەی ئادەمزادەوە، ئەمەتان بۆیە بۆ باس دەکەم تا بزانن چۆنم دروست کردوون. ئێمە چیمان بوێ لە کوڕ و لە کچ لە منداڵدانی ئافرەتدا دادەنێین تا وادەی دیاری کراوی خۆی، ئەمجا بە منداڵیی لە سکی دایکتان دەهێنینە دەرەوە، ئەمجا پەروەردەتان دەکەین بۆ ئەوەی بگەنە هەرەتی هێزی لەشتان. هیی وایشتان تیایە پێش ئەوە گیانی وەردەگیرێتەوە و دەمرێ. هی وایشتان تیایە دەهێڵرێتەوە تا دەگەیەنرێتە تەمەنێ لە هەموو تەمەنێکی لەوەپێشتری لاوازتر و بێ دەسەلاتتر دەبێ، تا وای لێ دێ پاش ئەو گشتە شتەی زووتر زانیویە هیچ شتێ نەزانێ. ئەمە وەك ئەوە وایە تۆ زەوی دەبینی کشومات و وشك و بێ ڕەونەقە، جا کە بارانمان بەسەردا باراند دەکەوێتە جووڵە و هەڵاوساو لە هەموو جۆرە گیاو گوڵێکی جوان لە ناو خۆیدا دەڕوێنێ).

کیس موور (Keith Moore) کە پرۆفیسۆر و سەرۆکی بەشی توێکارییە لە زانکۆی تۆرنتۆی کەنەدا و خاوەنی کتێبی (مرۆڤ لە گەشەکردندا ( The

Developing Human)ە و بە یەکێك لە ڕابەرانی جیهانی دادەنرێت لە کۆرپەلەزانیدا لەبارەی ئەم وتانەی قورئان و فەرموودە دروستەکانەوە دەڵێت:

"هەتا سەدەی (١٩) هیچ شتێك نەزانرابوو لەبارەی پۆلێنکردنی ئەم قۆناغانەی گەشەی مرۆڤەوە. سیستمێك بۆ بە قۆناغکردنی کۆرپەلەی مرۆڤ لە دەوروبەری کۆتاییەکانی سەدەی (١٩)دا گەشەی کرد و لەسەر بناغەی هێماکانی ئەلف و بێ بوو.

لە سەدەی (٢٠)دا ژمارەکان بەکاردەهاتن بۆ وەسفکردنی (٢٣) قۆناغەکەی گەشەی کۆرپەلە. لەڕاستیدا پابەندبوون بەم سیستمی ژمارەپێدانەوە ئاسان نییە و سیستمێکی باشتر بریتییە لەوەی لەسەر بنەمای گۆڕانە شێوەییەکان بێت. لەم ساڵانەی دواییدا، لێکۆڵینەوە لە قورئان بنچینەیەکی تری بۆ پۆلێنکردنی قۆناغەکانی گەشەکردنی کۆرپەلە دەرخستووە کە لەسەر بنچینەی کرداری گۆڕانکارییە لە شێوەدا و ئاسانە بۆ تێگەیشتن؛ چونکە ئەو وشانە بەکاردەهێنێت کە لای خواوە بۆ موحەممەدی پێغەمبەر هاتوون بە جوبرەئیلی فریشتەدا و لە قورئاندا تۆمارکراون...

ئەمە شتێکی ڕوونە لای من کە ئەم وتانە دەبێت هەر لەلای خواوە بۆ موحەممەد هاتبن، چونکە تەقریبەن سەرجەم ئەم زانیارییانە هەتا چەندین سەدە دواتریش نەدۆزرابوونەوە. ئەمە بۆ منی دەسەلمێنێت کە دەبێت موحەممەد پەیامبەری خوا بوو بێت".

(مارشاڵ جۆنسۆن) مامۆستا و سەرۆکی بەشی توێکاری و بەڕێوەبەری پەیمانگەی دانیاڵ باو ( Daniel Baugh Institute) لە زانکۆی تۆماس جێفەرسنی ویلایەتی فیلادلفیای ئەمەریکا دەڵێت:

"من وەکو زانایەك دەتوانم تەنها مامەڵە لەگەڵ ئەو شتانەدا بکەم کە دەیانبینم. من دەتوانم لە کۆرپەلەزانی و بایۆلۆجیای گەشەکردن تێبگەم، بۆیە دەتوانم لەو وشانە تێبگەم کە لە قورئانەوە بۆم وەرگێڕدراون. ئەگەر من بەو زانیارییانەوە کە ئێستا دەیانزانم خۆم بخەمە ئەو سەردەمە و وەسفی شتەکان بکەم، ئەوا ناتوانم وا وەسفیان بکەم کە وەسفکراون. ئەم کەسە -کە موحەممەدە- دەبێت ئەو زانیارییانەی لە شوێنێکەوە دەست کەوتبێت، بۆیە هیچ شتێك نابینم دژ بێت بەوەی کە سرووشی خوایی لەوەدایە کە ئەو وتویەتی".

دەربڕینێکی تری سەرنجراکێش کە لە قورئاندا هەیە لەبارەی شاخەکانەوەیە: ﴿وَٱلۡجِبَالَ أَوۡتَادٗا﴾ النبأ: ٧.

واتە: (کێوەکانیشمان نەکردووە بە مێخ و کوتاومانن بە زەویدا بۆ ئارام گرتنی؟).

ئەمڕۆ دەزانین کە شاخەکان ڕەگی قووڵیان لەژێر ڕووکاری زەوییەوە هەیە و دەکرێت ئەو ڕەگانە تا چەندین ئەوەندەی بەرزیی شاخەکان بن لەسەر زەوی. بۆیە گونجاوترین وشە بۆ وەسفکردنی شاخەکان لەسەر بنەمای ئەم زانیارییە بریتییە لە وشەی "مێخ"، چونکە عادەتەن زۆربەی بەشی مێخێکی جوان داکوتراو دەبێت لەژێر ڕووکاری زەویدا بێت. ئەم تیۆرە سەبارەت بە ڕەگی قووڵی شاخەکان لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەدا هاتە ئاراوە.

شاخەکان ڕۆڵێکی گرنگیش دەبینن لە ڕاگرتنی جێگیریی توێکڵی زەوی و، لەمپەر دەخەنە بەردەم لەرزینەکانی زەوی.

﴿وَأَلۡقَىٰ فِي ٱلۡأَرۡضِ رَوَٰسِيَ أَن تَمِيدَ بِكُمۡ وَأَنۡهَٰرٗا وَسُبُلٗا لَّعَلَّكُمۡ تَهۡتَدُونَ﴾ النحل: ١٥.

واتە: (هەروەها چەند کێوێکی بەرزوبڵندی لە زەویدا داکوتاوە نەبادا زەوی بجووڵێتەوە و ئێوەیش تووشی زیان

بىن و، جۆگا و ڕووبار و ڕێگای بۆ دروست کردوون بەڵکو ڕێگای ڕاستی خوداناسی بگرنەبەر).

بە هەمان شێوە، بە پێی تیۆری مۆدێرنی (پلێتە تەکتۆنییەکان): (شاخەکان وەکو ڕاگیری زەوی کاردەکەن). تێگەیشتن لەم زانیارییە دەربارەی ڕۆڵی شاخەکان وەکو ڕاگیرکار بۆ زەوی بە شێوەی پلێتی تەکتۆنی شتێکە کە لەم نزیکانە و لە کۆتایی سالآنی (١٩٦٠)دا بوو!

قورئان لەبارەی جیهانی سروشتەوە زۆر شت باس دەکات و داوا لە ئێمە دەکات بەقووڵی بیربکەینەوە و تێڕابمێنین و، ئەوانەی خاوەن تێگەیشتنن دەرك بەوە دەکەن کە ئەمانە هەمووی ئاماژەی هێز و ژیریی بەدیهێنەرەکەیانن و، هەموو ئەم شتانە بێ هودە یان بۆ کات بەسەربردن نین، بەڵکو بۆ مەبەستێکی گرنگ و بەرزن.

(مەبەست لە قورئان ئەوە نییە کتێبێکی زانست بێت، بەڵکو ئەوەیە کتێبێکی پڕ ئاماژە و نیشانە بێت).

ئاسانە لەوە تێبگەین بەدیهێنەرەکە دەربارەی بنەچە هاوبەشەکانی گەردوون و وردەکاریی گەشەی کۆرپەلەیی و هەبوونی ڕەگی شاخەکان بزانێت، بەڵام ئاسان نییە ئەوە

ڕوون بکەینـــەوە کـــە چـۆن موحەممـــەد توانیویـــەتی ئـــەم زانیارییانە بخاتە قورئانەوە مەگەر بانگەشەکەی ئـەو قبوڵ بکەین کە: (پەیامبەر)ە. وا دیارە بۆ کەسێکی خاوەن ژیری و ڕاستگۆ قبوڵکردنی ئەمە مەعقولترین کارە بیکات.



## بەشی حەوتەم

# ڕێنماییەکانی کتێبەکە

ئەی ڕێنماییە بنچینەییەکانی قورئان چین؟

بێگومان یەکەم شت بریتییە لە: (قبوڵکردنی ئەوەی کە تەنها یەك خوا هەیە)، کە بێهاوتایە و هیچ لە دروستکراوەکانی ناچێت و، هیچ شتێکیش لەو ناچێت.

خوا یەکە و تەنیایە، هاوبەش و ڕکابەری نییە و، دەبێت ئێمە نوێژ و پەرستنمان تەنها بۆ ئەو بێت.

چۆن نوێژ بکەین و بەدیهێنەرەکە بپەرستین و ڕێنوێنی لە زانیارییەکانی ئەو وەربگرین ئیتر ئەوە ئەرکی موحەممەد بووە.

قورئان فێری ئەوەمان دەکات کە هەموو پێغەمبەر و پەیامبەرانی خوا بۆ مرۆڤەکان مرۆڤ بوون. ئەوەش لەبەر ئەوەی ئەوان نەك تەنها پەیامەکە دەگەیەنن بەڵکو ژیانی ئەوان نموونەی کردارییە لەسەر چۆنییەتی شوێنکەوتن و جێبەجێکردنی ئەو پەیامە. ئەمەش شتێکی مەعقولە. واتە بۆ ئەوەی گەلەکە تێبگەن کە: "ئەگەر یەك کەس بتوانێت بیکات، ئەوا ئەوانی تریشمان دەتوانین!".

هەر هیچ نەبێت ئەمە بەتیۆری وایە. ئەگەر پەیامبەرەکەی بۆ هەموومان نێردراوە فریشتەیەك بووایە، ئەوا بیانووی زۆرمان دەهێنایەوە کە: چۆن دەکرێت و دەشێت ئێمە وەکو فریشتە بین، ئەوە کارێکی ئاسانە بۆ ئەوان کە ئاوا فریشتەیی بن و هیچی تێناچێت!

قورئان پێمان ڕادەگەیەنێت: (ژیان تاقیکردنەوەیە). لەبەر ئەمەیە ئازار و خۆشی هەیە، لەشساغی و نەخۆشی هەیە، دەوڵەمەندی و هەژاری هەیە، چاکە و خراپە هەیە، شەو و ڕۆژ هەیە، تاریکی و ڕووناکی هەیە. ئەوە بەهۆی

دژەکانەوەیە کە ئێمە دەتوانین چێژ و بەهای شتەکان هەست پێ بکەین.

باشە چۆن دەتوانین بێ خراپە بەها و قەدری چاکە بزانین؟ ئایا ئەوە کاتەکانی نەخۆشی نییە بەڕاستی قەدری لەشساغی دەزانین؟ تاقیکردنەوەکە بۆ ئەوەیە کە ڕاستیی خۆمانمان بۆ دەرکەوێت.

ئایا ڕاستییەکە قبوڵ دەکەین یان دوای ئارەزووەکانمان دەکەوین؟ ئایا ملکەچی بەدیهێنەرەکە دەبین یان یاخی دەبین؟ خوا ویست (ئیرادە)ی ئازادی پێداوین. ئێمە دەبێت زیرەکیی خۆمان بخەینەگەڕ بۆ تێگەیشتن و شوێنکەوتنی ڕێنماییەکانی پەیامەکەی. ئەگەر هەڵە بکەین -ئەوەش شتێکی حەتمیە چونکە ئێمە مرۆڤین- ئەوا دەبێت ئەوە بزانین تا ئەو کاتەی عەودالی ڕێنوێنیی بەدیهێنەرەکەمان بین و داوای لێخۆشبوون بکەین و ئەوپەڕی توانامان بخەینەگەر بۆ گۆڕان لە خۆماندا، بەدیهێنەرەکە بەردەوام دەمانبەخشێت. لەڕاستیدا ئەم تێگەیشتنە کە ئێمە بوونەوەری توانا سنووردارین و، دەرک کردن بە مەزنیی خوا بریتییە لە (ناوەڕۆکی ئیسلام)؛ لەبەرئەمەیە دەبێت مرۆڤەکان ملکەچ بن و خۆیان

بەدەستەوە بدەن بۆ خوا، لەڕاستیدا هەرئەوەش واتای وشەی (ئیسلام)ە.

هۆکاری بوونی ئێمە و، مەبەستی بنەڕەتی لە مێشکە ئالۆزەکەمان و، بەهرەی عەقڵانییەتتمان: (بۆ تێگەیشتن و هەوڵدانە)، تا هەموو شتێك بەجۆرێك بکەین کە مایەی ڕەزامەندیی بەدیهێنەرەکە بێت. لە ڕێگەی ئەو پەیامەشەوە کە بۆی ڕەوانە کردووین دەزانین چۆن ئەنجامی بدەین.

(بەدیهێنەر) بۆ ئەوەی یارمەتیمان بدات کاریگەرترین ژیان بژین و جێگیر بین لەسەری، چەند پەرستشێکی ڕێکوپێکی لە ژیانماندا دیاری کردووە و، کردوونی بە بەشێکی گرنگی ئەم ڕێگایەی ژیان.

لێرەدا مەسەلەکە ئەوە نییە کە خوا پێویستی بە ئێمەیە، هەرگیز! خوا بێ پێداویستییە و بە تەواوەتی بێنیازە. بەڵکو ئەوە ئێمەین بەو پێداویستییەوە دروستکراوین. هەر وەك چۆن جەستەمان خواردنی دەوێت، عەقڵ و ڕۆحیشمان وا خولقێنراون لە ڕێگەی یادکردنەوە و پەرستنی خواوە پەروەردە ببن.

لەبەر ئەم هۆیەیە کە گرنگترین کردارێك موسوڵمان - کەسێك کە شوێنکەوتەی ئایینی ئیسلام بێت- بیکات

بریتییه له: (نوێژکردن به شێوەیەکی دیاریکراو له چەند کاتێکی دیاریکراوی شەو و ڕۆژدا). ئەو ڕێورەسمی نوێژی ڕۆژانەیە پێنج دانەن. ئەم نوێژانە گەر بەردەوام و بە ڕاستگۆیی و تێگەیشتنەوە بکرێن، ئەوا کلیلی گۆڕانکارییە لە خۆماندا. هەر کە بەڕێکوپێکی ئەنجام دران ئیتر بێگومان ڕێورەسمێکی بگۆڕی ژیانە بەرەو باشتر.

بنەمایەکی تری گرنگ بریتییە لە: (زەکات، واتە بەخشین بەو کەسانەی سامانیان لە خۆمان کەمترە و هەژارن). یەکێك لە گرنگترین پێکهاتەکانی ژیانێك کە ڕەزامەندیی خوای تێدا بێت ئەوەیە بە بەزەیی بین و یارمەتیی کەسانی تر بدەین.

بە دڵنیاییەوە ژیانێکی وا پێویستی بە ڕێککاری و خۆکۆنترۆڵکردن و سەبر و پشوودرێژی هەیە، ئەمەش هۆکاری ئەوەیە کە (ڕۆژوو) هەمیشە پێکهاتەیەکی ژیانی ئایینی بووە و، ئیسلامیش وەك یەکێك لە پایەکانی دیاریی کردووە.

هەموو ساڵێك مانگێك هەیە پێی دەوترێت (ڕەمەزان)، کە دەبێت مرۆڤ واز لە خۆراك و خواردنەوە و سێکس بهێنێت لە بەرەبەیانەوە تا خۆرئاوابوون. هەروەها شتێکی

گرنگه به قسه و به کردار خۆت لـه خراپـه بـەدوور بگریت، چونکه ڕۆژوو بۆ ئەوەیە و دەبێت بەوەت بگەیەنێت.

سـیفەتەکانی وەك؛ وتـنی ڕاسـتی و درۆ نـەکردن و، بردنەسـەری بـەڵێن و پـەیمان و، بەدەستهێنانی متمانـه و، هەمیشه دادپەروەری تەنانـەت لـه دژی خێزانـی خـۆت یـان خۆشـت.. هــەموو خاسـییەتی بنچـینەیی بـڕواداری ڕاستەقینەن.

ڕێزگرتن له دایك و باوك و نـەرمونیان بـوون لەگـەڵیان، بەتایبـەتی لـه تەمـەنی پیریـدا، بـاش بـوون بـۆ دراوسـێ، هاندانی خەڵك بۆ کاری باشـه و ساردکردنەوەیان لـه کـاری خراپه.. هەموو ئەمانه خەسڵەتی بنەڕەتیی ئەم ئایینەن.

بەگشتی ئەمانه بناغه گرنگ و لەبەرچـاوەکانی ئیسلام و موسوڵمانییەتی پێکدەهێنن.

هەروەك دەزانین ڕەوتـی ژیـان کـورت و خێرایـه و، زۆر بەم نزیکانه ئێمه هەموومان دەمرین، بەڵام مردن کۆتاییەکه نییه.

قورئان فێرمان دەکات ڕۆژێکی دادگایی هەیە، که تێیدا خـوا هـەمووومان پێکـەوە کۆدەکاتـەوە و، لەسـەر هـەموو کاروکردەوە و وتەیـەکمان لێپرسینەوەمان لەگـەڵ دەکـات؛

چونکه ئەو زاته هەموو گەردیلەیەك لە چاکە و خراپەمان دەزانێت.

سزایەکی زۆر خراپیش بۆ ئەوانە دیاری کراوە کە ڕاستییەکەیان ڕەتکردووەتەوە و، یاخیبوونیان هەڵبژاردووە؛ چونکە ئەوە بڕیار و بژاردەی خۆیان بووە. لە کاتێکدا ڕاستییەکە ڕوون بووە لایان، بەڵام هێشتا ڕەتکردنەوەیان هەڵبژاردووە، بۆیە چارەنووسێکی تۆقێنەر چاوەڕوانیانە، ئەویش (ئاگری دۆزەخ)ە کە تێیدا تاهەتایە ئازار دەچێژن.

ئەوانەشی کە باش بوون و ژیانێکی ملکەچانە بۆ خوا ژیاون، بۆ تاهەتایە لە خۆشی و ئاسوودەیی بەهەشتدا دەژین. کە لەوێدا ڕق و تووڕەیی و ئیرەیی نییە، تەنها ئاشتی و دڵخۆشیی جەستەیی و ڕۆحیی بوونی هەیە.

چ جێگایەکی جوانە! بەڕاستی ئەوەی کە بەدیهێنەرەکە ئێمەی بۆ بانگهێشت دەکات ئا ئەوەیە، واتە بەهەشتەکەی خۆی.

شوێنکەوتنی ئیسلام مانای ئەوە نییە کە تاقیکردنەوە و ئاستەنگی تر لە ژیاندا نییە؛ بەڵکو لەڕاستیدا بەدیهێنەرەکە پێمان دەڵێت کە ئێمە هەروا وازمان لێناهێنرێت بڵێین موسوڵمانین و تاقی نەکرێینەوە.

پەیڕەوكردنی ڕێنماییەكانی خوای گەورە فێرمان دەكات چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو تاقیكردنەوانەدا بكەین، كە ناڕەحەتی دەگۆڕن بە ئاسانیی و، سەرلێشێوان بە تێگەیشتن و، ئازار بە چێژ و، خەمباری بە خۆشحاڵی.

زانینی ئەمە ئاسوودەیی ڕاستەقینە لە دڵدا چرۆ پێ دەكات، بۆیە لەم ڕووەوە ئیسلام تەواو ئاشتی و دڵنیایی دەهێنێت. ئاشتییەك كە تەنها بریتی نییە لە نەبوونی شەڕ، بەڵكو ئۆقرەگرتن و ئاشتییەكی زۆر قووڵتر و مانادارترە.



بەشی
هەشتەم

# گەشتەکەمان بەرەو کۆتایی دەچێت

## ئا ئەوە گەیشتین...

ئەوە گەیشتینە کۆتایی گەشتەکەمان و مەنزڵمان لێوە دیارە. لەڕاستیدا یەک شت ماوە بکرێت!

کاتی خۆیەتی دەرگای دڵ و ڕۆح و فیکرت والآ بکەیت و ڕێگە بە پەیامی ڕاستەقینەی بەدیهێنەر بدەیت ژیانت ڕۆشن بکاتەوە.

بەڵێ، دەزانم ئەمە کەمێك نامۆ دیارە و، ئەگەری هەیە ئەو شتانەی پێویستە بیکەیت جیاواز بن لەوانەی تەواو پێیان ڕاهاتوویت. ڕەنگە بیر لەوە بکەیتەوە خێزان و

هاوڕێکانت چی دەڵێن! ئەزانی چی، دەتوانیت هیچ نەڵێیت جگە لەوەی ئەم کتێبەیان بدەیتە دەست و بڵێیت: "ئەمە بخوێننەوە".

وەکو پێشتر وتم، بەشە قورسەکە ئەوە نییە کە ئایا ئەمە تا چەندێك مەعقولە، بەڵکو بەشە قورسەکە بە کردار پەیڕەوکردنیەتی! لەڕاستیدا ئەویشیان ئەوەندە قورس نییە! تەنیا بەوە دەست پێبکە نیازێکی دامەزراوت هەبێت کە تۆ بۆیە ئەمە دەکەیت چونکە ئەو شتەیە کە بەدیهێنەرت دەیەوێت بیکەیت! بەڵی! فەرموو، بڕۆ تاقیی بکەرەوە و داوا لەو بەدیهێنەرە بکە کە هەموو شتێکی بەدیهێناوە، تەنها داوا لەو بکە و بەس، نە لەڕێگەی کەسێکەوە یان شتێکەوە، تەنیا ڕاستەوخۆ لەو، بەڕاستگۆیی و دڵسۆزی و لە دڵتەوە داوا بکە بۆ ئەوەی ڕێت نیشان بدات و یارمەتیت بدات بۆ ئەنجامدانی کارە ڕاستەکە.

باشە! ئێ.. هەستت چۆنە؟ جا ئەگەر بەو شێوەیە هەست دەکەیت کە من پێشبینیی دەکەم ئەوا ئەوەی کە دەبێت بیکەیت تەنها ئەم هەنگاوانەیە.

تەنها بڵێ: "من شایەتم کە بە ڕاستی هیچ خودایەك نییە جگە لە خوای تاك و تەنیا و، موحەممەدیش پەیامبەری خوایە". وتنی ئەوە دەتکات بە موسوڵمان. بە عەرەبیش "ئەشهەدو ئەن لا ئیلاهە ئیلا ئەڵڵا، وە ئەشهەدو ئەننە موحەممەدەن ڕەسولوڵلا!".

پێویستە دەست بکەیت بە فێربوونی پێنج نوێژەکە کە موسوڵمان دەبێت هەموو ڕۆژێك بیانکات. بۆ ئەوەی بزانیت چۆن ئەمە بکەیت و هەر یارمەتییەکی تریش پەیوەندی بکە بە نزیکترین مزگەوتەوە لە ناوچەکەی خۆت. سەلام و بەرەکەتی خوا هەمیشە یارویاوەرت بێت.

# پێڕست

بەشی یەکەم:
گەشتەکە دەستپێدەکات.............................. ٣
بەشی دووەم:
پرسیارە وەڵام نەدراوەکان........................... ٢٤
بەشی سێیەم:
هەڵسەنگاندنی ناوەڕۆکی پەیامی ئایینەکە............. ٣٥
بەشی چوارەم:
تاقیکردنەوەی (گەردوونیەتی)ی پەیامەکە.............. ٤٥
بەشی پێنجەم:
هەڵسەنگاندنی کەسێتی.............................. ٥٤
بەشی شەشەم:
ئاستێکی سەرسوڕهێنەری زانیاری...................... ٧٣
بەشی حەوتەم:
ڕێنماییەکانی کتێبەکە............................... ٩٣
بەشی هەشتەم:
گەشتەکەمان بەرەو کۆتایی دەچێت.................... ١٠١

# THE MAN IN THE RED PANTS

A. R. GREEN

پیاوە پانتۆڵ سوورەکە کێیە؟
بۆچی پانتۆڵەکەی سوورە و ڕەنگێکی تر نییە؟
ئەی باشە ئێمە بۆ لەم کتێبەدا باسی دەکەین؟

هیچ کام لەو پرسیارانە لەم کتێبەدا باسی لێوە ناکرێت!
بەڵکو ئەم کتێبە داوات لێدەکات کە بیرلەوە بکەیتەوە: (چۆن مامەڵە لەگەڵ پیاوە پانتۆڵ سوورەکەدا بکەیت) و، دەتبات بۆ گەشتێك کە تێیدا ڕێت دەکەوێتە چەند دەرئەنجامێکی داچڵەکێن و، ئاهێك بە بیروهۆش و قەناعەتەکانتدا دەهێنێتەوە.

ئەگەر تۆ بێ بەڵگە باوەڕت بە شتی باوەڕپێنەکراو هەیە، ئەوا هەر ئێستا ئەم کتێبە دابنێ، خۆ ئەگەر پێت وایە کەسێکی بیرمەندیت، ئەوا جارێکی تر بیربکەرەوە!

پیاوە پانتۆڵ سوورەکە کارێك دەکات کە هەرگیز بیر و ژیانت وەك جاری جارانی لێنایەتەوە!